ژمارە (٣١) حوزەیرانی ٢٠١٩
مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات




«مامۆستا داری ماسیەی لە سەرمدا شکاندوە»

8««

# سامان گەرمیانی: کەمتەرخەم بوین لەهێنانە پێشەوەی ژنان دا



■ نەوژین

**سامان گەرمیانی، بەرپرسی مەڵبەندی (١١)ی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دان بەوەدا دەنێت کە کەمتەرخەمبون لە هێنانە پێشەوەی ژنان دا، پێشیوایە ژنان بەهۆی رەوشە کۆمەڵایەتیەکەوە سڵ دەکەن لە هاتنە پێشەوە لەم بوارەدا.**

لەمیانەی دیدارێکی رۆژنامەی (نەوژین) دا و لە گێڕانەوەی کەمی رێژەی ژن لە بواری سیاسەتدا لەگەرمیان، (سامان گەرمیانی) ئاماژە بەو ساتە دەکات کە دەستبەکار بوە وەک بەرپرسی مەڵبەند و هیچ ژنێکی لە پێکهاتەی مەڵبەندەکەدا نەبینیوە.
دەشڵێت: «لەیەکەم کۆبونەوەی دەست بەکاربونمدا هیچ ژنێک بەشدار نەبو، ئەمەش خۆی جێگەی پرسیارە.»
بەبڕوای (سامان گەرمیانی) پرسی هاتنەپێشەوەی ژنان لەکاری سیاسەت دا بەتایبەتی لەگەرمیان، تەنها پرسێک نیە تایبەت بە ژنان، بەڵکو پێیوایە کەدەبێت ژنان و پیاوان پێکەوە کاربکەن بۆ زیادکردنی رێژەی ژنان لە بواری سیاسەت دا، دەڵێت: «ئەم کارە بە تەنیا بە من ناکرێت، بەڵکو پێویستە ژنان خۆیان هەوڵ بۆ هاتنە پێشەوە بدەن، دەبێت بزانن هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ رەگەزی بەرامبەردا».
لەبارەی ئەوەی خۆی لەو کاتەوەی وەکو بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی دەستبەکاربوە، چ هەنگاوێکی ناوە بە ئاقاری زیادبونی بەشداریی ژنان، (سامان گەرمیانی) دەڵێت: «کارم بۆ هێنانەپێشەوەی ژنان کردوە، لەداهاتودا پێمخۆشە نیوەی ئەندامانی مەڵبەندەکە ژن بێت».
ئەو دیدارەی (سامان گەرمیانی) لە لاپەڕە (٤)ی ئەم ژمارەیەی رۆژنامەی (نەوژین) دا بڵاوکراوەتەوە.

# زەینەب نیازی: پێشتر نیقابم نەکردوە



■ نەوژین

**زەینەب نیازی، ئەو کچەی پلەی دوەمی بەشی وێژەی لەسەر ئاستی هەرێم بەدەستهێنا، لەبارەی ئەزمونی خۆیەوە قسە بۆ رۆژنامەی (نەوژین) دەکات و رایدەگەیەنێت کە پێشتر نیقابی نەکردوە.**

زەینەب نیازی مستەفا، کچە فێرخوازێکی گەرمیانە کە توانی لە ئامادەیی ئیسلامی کەلار پلەی دوەمی هەرێم بۆ خوێندنی وێژەیی پۆلی ١٢ی ئامادەیی بەدەستبێنێت، لە رۆژی راگەیاندنی دەرەنجامی تاقیکردنەوەکانیشدا روداوی بردنە دواوەی لە ریزی فێرخوازە یەکەمەکان دا هەڵایەکی زۆری دروست کرد و والێکداریەوە کە بەهۆی ئەوەی نیقابی پۆشیوە براوەتە ریزی دواوە.
لەوبارەوە (زەینەب) بۆ رۆژنامەی (نەوژین) وتی: «من لەوکاتەدا هیچ شتێکم نەزانی، کە هاتینەوە لەماڵەوە بینیمان ئەو شتە بوە».
ئاماژەی بەوەشکرد: «دو کەس هاتون بەمنیان وتوە برۆ دواوە و ریزی پێشەوە بۆ پۆلی نۆیەمە، بە کوڕێکی دیکەشیان وتوە کە بچێتە دواوە ئەویش لەمەکتەبی ئیسلامی بو، پێیان وتین ئێوە باڵاتان بەرزترە بچنە دواوە، ریزی پیشەوە بۆ باڵا بچوکەکانە».
زەینەب ئەوەشی ئاشکرا کرد کە پێشتر ئەو نیقاب پۆش نەبوە و تەنها ئەو رۆژە نیقابی کردوە بەهۆی شەرمی لە تێکەڵ بون.
لەلاپەڕە (٩) راپۆرتێک لەبارەی کۆشەکانی (زەینەب نیازی) و باسکردنی لە روداوەکەی رۆژی راگەیاندنی دەرنجامەکان دەخوێننەوە.

# دەیانەوێت یاری بکەن و پشتیوانیان نیيە



6««



گەلاوێژ ... ٣٠ ساڵ لەگەڵ درومان دا

5««



خولەکانی فێربونی زمان جمەیان دێت لە کچ

9««



بەکارهێنانی دژەخۆر لە هاوین دا پێویستە بۆ گەشبونی پێست

10««

## کاتێک سوڕی مانگانە دەبێتە مۆتەکە

# «یەکەمجار سوڕی مانگانەم بۆ هات وامزانی گیانم برینداربوە»



> دایکم بۆڵەی دەکرد و دەیوت بەملی شکاوی گەورە بو

> دەبێت هەمو دایکێک ئەم بابەتە بۆ کچەکەی رون بکاتەوە

■ نەوژین، شۆخان حەمەساڵەح

**کە لە ژنان بپرسیت ئەو کاتەی کەوتنە سوڕی مانگانەوە لەچی دۆخێکدا بون یان هیچ ئاگاییەکتان لەبارەیەوە هەبو؟ ئەوا بە زۆری بەوە وەڵام دەدەنەوە کە نەک هەر ئاگاییان نەبوە، بەڵکو روبەڕوی شۆک و ترسیش بونەتەوە.**

سوڕی مانگانە کە دیاردەیەکی جەستەییە و هەمو ژنێک دەگرێتەوە لە قۆناغی کچێنی و پێگەیشتن دا، وەکو یەکێک لە قورسترین و هەستیارترین قۆناغ و حاڵەتەکان لێکدەدرێتەوە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی وەکو گەرمیان دا کە بەهۆی کەمی هۆشیاریی و راهێنانی کچانەوە، زۆرێکیان هیچ لەبارەی ئەم حاڵەتەوە نازانن.

### «وامدەزانی گیانم برینداربوە»

بێئاگایی کچان لەم حاڵەتە، وادەکات کە روبەڕوی شۆک و ترسێکی زۆریان بکاتەوە و بارێکی ناخۆش باڵ بەسەر دەرونیاندا بکێشێت.

«لەدوازدەساڵی کەوتمە سەر خوێن، وامدەزانی گیانم برینداربوە وا خوێنی لێدێت». ئەمە قسەی (هاژە) بو.

ئەو کە تەمەنی ٢٣ ساڵە، بەردەوام بو لە گێڕانەوەی ئەو ساتە «خوشکی لەخۆم گەورەترم نەبو، دایکیشم تەنانەت یەک وشە چیە پێی نەوتم، لەکاتێکدا بەحاڵمیشی دەزانی، هەتا پورزایەکم کە خوێنی بەجلەکەمەوە بینی حاڵەتەکەی بۆ رونکردمەوە».

### «وامدەزانی خۆم بشۆم ئیتر نامێنێ»

(ئەژین)، کچێکی دیکەیە، سەربوردەی خۆی لەگەڵ سەرەتای دەستپێکردنی سوڕی مانگانە بەمشێوەیە گێڕایەوە «ئەو کاتەی کەوتمە سوری مانگانە هیچ شتێکم دەربارەی نەدەزانی، زۆر دەترسام و دڵم پێی تەنگ دەبو، هەرچیم دەکرد خوێنبەربونەکە نەدەوەستا، جاری وا هەبو لەرۆژێک دا ٣ جار خۆم ئەشۆرد، چونکە وامدەزانی خۆم بشۆم ئیتر نامێنێ».

بەهۆی ئەوەی کچان ئاگاییەکی ئەوتۆیان لەبارەی ئەم حاڵەتەوە نییە کە حاڵەتێکی ئاسایی و هەمیشەیی ژنانە دەبێت لە قۆناغی پێگەیشتنەوە تا نائومێدیی، هەربۆیە توشی دڵەڕاوکێ و فشارێکی زۆری دەرونی دەبن.

(ئاهەنگ)ی ٢٧ ساڵە، سەربوردەی خۆی پێش ١٤ ساڵ لە ئێستا و ئەوکاتەی کە بۆ یەکەمجار سوڕی مانگانەی لێهاتوە، بەم رستەیە گێڕایەوە: «کە کەوتمە عادەوە قەت بیرم ناچێتەوە، چونکە وەک ئەوە وا بو زینام کردبێت».

ئەو باس لە یادگاریەکی یەکجار تاڵی خۆی دەکات لەوبارەوە «بەیانیەک هەستام لەخەو جلەکانم ببون بە خوێنەوە، منیش نەمزانی چیە، ئیتر چوم بۆ دەوام بێئەوەی هیچ شتێک ببەستم، کە گەشتمە دەوام لەکاتی پشو خوێن بە سەدریەکەمەوە بو، هاوڕێیەکم کە هاوتەمەنم بو لێی پرسیم ئەوە چیە؟ منیش رۆیشتمە ژورەوە لە شوێنی خۆم دانیشتم، کۆتا وانە هەستام بچمەوە کەچی گیانم هەموی خوێن بو، نەمدەزانی چی بکەم، چاوەڕێ بوم قەڵەرەباڵغ بێت کەس سەیرم نەکات ببمە جێی سەرنج، بەڵام لە دەرەوە چەند کچێکی تر بەوشێوەیە منیان بینی و گاڵتەیان پێکردم، ناچار قەمسەڵەی کچێکی هاوڕێم بە کەمەرمەوە بەست بۆ ئەوەی پەڵە خوێنەکە دەرنەکەوێت».

خەمی ئەو کچە لێرەدا کۆتایی نایەت، بەڵکو کە دەشگاتەماڵەوە، خێزانەکەی سەرزەنشتی زۆری دەکەن و قسەی پێدەڵێن، وەک ئەوەی خۆی بەرپرس بێت لەوەی بەسەری دا هاتوە.

### «دایکم وتی: کچم ئیتر باڵغ بویت»

بەپێچەوانەی خێزانی ئەم کچانەوە کە رۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوە لە هۆشیارکردنەوەی کچەکانیان دا، خێزانی دیکە هەن کچەکانیان پێشتر لەم دۆخە ئاگادار کردوەتەوە.

(دالیا) کچێکی دانیشتوی کەلارە، بۆ (نەوژین) باسی لەوەکرد کە ئەگەرچی یەکەمجار کە توشی سوڕی مانگانە بوە زۆر ناخۆش بوە بەلایەوە، بەڵام پێی سەیر نەبوە و زانیویەتی حاڵەتەکە چیە، ئەویش بەوهۆیەی بۆی رونکراوەتەوە.

وتی: باوکم یارمەتیدەرم بو، بەهۆی ئەوەی منالی گەورەبوم لەگەڵ باوکم زیاتر نزیک تربوم، هەربۆیە باوکم دەربارەی ئەو قۆناغە بابەتی بۆ دەخوێندمەوە.

(نەوال)، کچێکی تری دانیشتوی کەلارە، باس لە یەکەمجار دەکات کە سوڕی مانگانەی بۆ هاتوە.

«تەمەنم ١٣ ساڵان بو لە میوانی بوین، کە چومە سەر ئاو خوێنم بینی زانیم چیە، چونکە دایکم ورد و درشتی بۆ باس کردبوم، پاشانیش جلەکانی شۆردم و دڵی دامەوە و وتی: کچم ئەوە باڵغ بویت ئیتر هەمو مانگێک وات لێدێت».

### «هیچیان پێنەدەوتم و قسەشیان پێدەکردم»

رەنگە (دالیا) و (نەوال) لە نمونە کەمەکان بن، چونکە زۆرێک لەو کچانەی ئێمە دواندمانن، بەگلەین لە خێزانەکانیان کە هیچ رێنمایی و ئامۆژگارییەکان بۆیان نەبوە.

(هاژە) وتی: من زۆر زەرەرم کرد، چونکە دایکم هیچی پێنەوتم، بۆیە پێویستە دایکان پێش ئەو کاتە بە کچەکانیان بڵێن بۆ ئەوەی نەبێتە شۆکێکی گەورە بۆیان وەکچۆن بەسەر مندا هات.

(ئەژین)یش جەختی لەو قسانە کردەوە «سەرباری ئەوەی کە هیچی پێنەوتم، کەچی دایکم قسەشی پێدەوتم و بۆڵەی دەکرد و دەیوت بەملی شکاوی گەورە بو، من نەمدەزانی ئەمە واتای چییە وام دەزانی تاوانێکم کردوە و بۆیە زۆر رقم لە خۆم بو».

### کوڕانیش کێشەیان هەیە

نەبونی هۆشیاری لەبارەی ئەم حاڵەتەوە، وایکردوە کە هەندێک لە ژنان پاش هاوسەرگیریی کردنیش، روبەڕوی کێشە ببنەوە، بەتایبەتی کە هاوسەرەکانیان لەبارەی ئەم حاڵەتەوە هیچیان نەزانیوە.

(داستان) ژنێکی دانیشتوی کەلارە، نمونەی هاوڕێیەکی بۆ گێڕاینەوە کە پاش هاوسەرگیرییکردنی، مێردەکەی هیچ هۆشیارییەکی لەبارەی ئەم حاڵەتەوە نەبوە و پێی سەیر بوە.

### دەبێت چی بکرێت؟

«لەسەر هەمو دایکێک پێویستە ئەم بابەتە بۆ کچەکەی رون بکاتەوە بۆ ئەوەی هەم شارەزایی هەبێت و هەم شەرم وترس وقەلەقیان روبەڕو نەبێتەوە». توێژەری دەرونی (رۆژە فەقێ سلێمان) وادەڵێت.

ئەو ئاماژە بەوەشدەکات ئەو رێنمایانەی کەلەلایەن دایکانەوە پێویستە بەکچەکانیان بڵێن ئەوەیە کە ئەمە قۆناغی هەرزەکارییە و هەمو کچێک روبەڕوی دەبێتەوە، لەم قۆناغەدا گۆڕانکاری لەجەستەدا دروست دەبێت وەک بەرزبونی سنگ لەگەڵ سەرهەڵدانی سوڕی مانگانە و زیادبونی مو لەهەندێک بەشی جەستەدا، بۆیە ئەمانە شتێکی ئاساین و روبەڕوی هەمو هەرزەکارێک دەبێتەوە.

### «دەبێت شەرم بخرێتە لاوە»

یەکێک لەو حاڵەتە دەرونیانەی لەم بابەتەدا بەدی دەکرێت شەرم کردنی کچانە لەو کاتەی کەئەم قۆناغەیان بەسەردادێت، بەتایبەتی کەهەندێکیان تەمەنێکی کەمیان هەیە.

رۆژ فەقێ سلێمان، لەمبارەیەوە دەڵێت: بەدڵنیاییەوە لە ناوچەی گەرمیان رەنگە بەهۆی شەرمکردن و زاڵبونی جۆرێک بیرکردنەوەی پارێزگارییانە و چەقبەستو، باسکردنی ئەم بابەتە لەناو دایکاندا هێشتا بەعەیب وعار دادەنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرەوپێشەوەچون هەبوە و ئێستا خەڵکی تارادەیەک هۆشیارترە.

بەپێویستی دەزانێت لەهەمو شوێنێک کۆڕ و سیمیناری تایبەت بۆ کچان بکرێت لەسەر ئەم حاڵەتە، لەقوتابخانەکانیشدا ببێت بەوانە و بوترێتەوە.

### سوڕی مانگانە چیە؟

لەسەرەتای قۆناغی هەرزەکاری و دواتردا رودانی سوڕی مانگانە و رونەدانی دەبێتە خەسڵەتێکی سەرەکی لەژیانی ژن دا، هەرلەیەکەم دڵۆپی خوێنەوە کەپێی دەڵێن سوڕی کەوتنەسەر خوێن، تا دوا دڵۆپی خوێن کەپێی دەڵێن تەمەنی نائومێدی.

کەوتنە سەرخوێن ئاماژەیە بەکۆتایی پێهاتنی سوڕێکی مانگانە و دەستپێکردنی سوڕێکی تر، لەدەستپێکردنی سوڕی کەوتنە سەرخوێن تا وەستاندنەوەی کەوتنە سەر خوێن، نزیکەی ٢٨ رۆژ دەخایەنێت.

لەسەرەتای ئەم ٢٨ رۆژەدا سوڕی هێلکەدانان دەست پێدەکات کە ئەویش نزیکەی ٢١ رۆژ دەخایەنێت، لەو ماوەیەدا ئەگەر هێلکە پیتێنرا لەلایان تۆوەوە، ئەوە هێلکەی پیتراو گەشە دەکات و پەرەدەسێنێت، بەڵام ئەگەر نەپیتێنرا ئەوە سوڕی کەوتنە سەر خوێن رودەدات، ئەویش نزیکەی ٥ بۆ ٧ رۆژ دەخایەنێت.

لەم ماوەیەدا بڕێک خوێن لە رێگەی زێوە دەکرێتە دەرەوە، ئەویش پاشماوەی ناوپۆشی منالدانە و هەمو مانگێک ئەمە بەردەوام دەبێت ئەگەر توشی هیچ بارودۆخێکی نائاسایی نەبێت.

بەگشتی لە تەمەنی ١٣ ساڵیەوە حاڵەتەکە دەستپێدەکات، بەڵام لەهەندێک کچ دا پێش و لە هەندێک کچی تریشدا پاش دەکەوێت. ئەم دۆخە بەردەوام دەبێت هەتا ژن دەگاتە تەمەنی نائومێدیی کە زۆرتر لە پاش تەمەنی ٤٥ بۆ ٥٠ ساڵی دا رودەدات.

گێچەڵی ئەلکترۆنی...

# کاتێک وێنەیەک ژیانی مرۆڤێک دەشێوێنێت

▪ نەوژین، ئاسۆ وەهاب*

**«هاوڕێیانم، پێویست ناکات خۆمتان پێبناسێنم، چونکە هاوپۆلی یەکین، بەڵام پێویستە بزانن من کچێکی ١٣ ساڵانم، لە چرکەساتێکدا هەڵبژردنێکی هەڵەی لە ڕۆژێکی هەڵەدا کرد، بەڵام هەتا ئەبەد باجی دەدەم. من لە بەردەمتانا شەرمەزارم و داوای لێبوردن دەکەم، نەک تەنها لەبەر خۆم، بەڵکو لەبەر خێزان و هاوڕێ و هەمو خۆشەویستانم».**

ئایا تەکنەلۆژیا بەرپرسیارە یان بەکارهێنەر؟



ئەمە وشەکانی ئەو کچە ١٣ ساڵە ئەمریکییە بو کە چیرۆکەکەی لە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) بڵاوبوەتەوە، باوەڕی بەوە نەدەکرت کە دەستداگرتن لەسەر دوگمەی مۆبایلەکەی تا هەتاهەتایە ژیانی دەگۆڕێت، بڕیارێکی هەڵە لەساتەوەختێکی هەڵە باجی خۆی دەبێت، ئەو تەنها مەبەستی بو سەرنجی هاوڕێ کوڕە هاوپۆلییەکەی ڕابکێشێت، بەڵام هەڵکردنی با بەو ئاڕاستەیە نەبو کە ئەو دەیخواست.

لەناو ژوری نوستنییەوە بە ڕوتی وێنەیەکی بۆ هاوپۆلییە کوڕەکەی نارد تا سەرنجی ڕابکێشێت، بەڵام ئەو بایەخی پێینەدا و بۆ هاوڕێیەکی تری نارد، ئاسایی وێنە وەک ئاگردانی جاڕە، هەر زو چەند وشەیەکی بەبەرنامەیەکی سەر مۆبایل بۆ وێنەکە زیادکرد و بۆ لیستی هەمو ئەو هاوڕێیانەی لە ناو مۆبایلەکەی بون ناردی و نامەکە بریتیی بو: «بۆ هەمو ئەوانەی ئەم وێنەیەیان پێدەگات، ئەگەر هەستدەکەن خاوەنی ئەم وێنەیە بەڕێز نییە، ئەوا بینێرن بۆ هاوڕێیەکانتان تا ڕاستی خاوەن وێنەکە بزانن». خەیاڵ بکە لەگەڵ داگرتنی دوگمەی بنێرە لەسەر مۆبایلەکە چەند کەس وێنەکەیان پێدەگات (ئەمە پێی دەگوترێت تەکنیکی مێشی ئەلکترۆنی) لەکاتی بڵاوکردنەوە.

لەگەڵ داگرتنی دوگمەی بنێرە ژیانی ئەو کچە تەواو گۆڕا.

ئەم جۆرەی گێچەڵی بە ئینگلیزی پێیدەوترێت Sexting کە دەتوانین پێی بێژین وروژاندن یان وروژاندنی دەقی ئەلکترۆنی، دەزانم یەکەمجارە ئەمە دەبیستن، بەڵام بۆ زانین ئەمە دیاردەیە لەسەر ئینتەرنێت و ڕۆژانە لەهەمو دونیادا ڕودەدات، بریتییە لە ناردنی نامەیەک یان وێنەیەک یان ڤیدیۆیەکی وروژێنەر یان ڕوت کە بەکارهێنەران بۆ یەکتری دەنێرن، مەترسی ئەم بابەتە لەوەدا نییە کە وروژێنەرو نائاکارین، بگرە لەوەیە ئەو کەسانەی لەناو وێنە و ڤیدیۆکان دەردەکەون کەسانێکن لەگەڵمان دەژین، ئەمەش ئاسەوارەکانی زیاتر دەکات لە ڕوی دەرونی و کۆمەڵایەتییەوە.

وروژاندن یان وروژاندنی ئەلکترۆنی، لەوانەیە بە وێنەیەکی ئاسایی ئەنجام بدرێت کە تیایدا هیچ ڕوبەرێکی جەستە ڕوت نییە، بەڵام هاوپێچە تێکستێکی وروژێنەر، یان ئیمۆجینێک کە تەواوی مانای وێنەکە لەباری ئاساییەوە دەگۆڕێت بۆ باری وروژاندن.

لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئایا ئەو کچەی وێنەکەی ناردوە قوربانییە یان بەرپرسیار لە تاوانەکەی؟ بۆچی ئەم دیاردەیە ڕۆژانە بە ئاشکرا یان نهێنی ڕودەدات لەناو هەمو کۆمەڵگەکان؟ ئایا تەکنەلۆژیا بەرپرسیارە یان بەکارهێنەر؟ بەڕای بەندە، کچی ناو چیرۆکەکە هەم قوربانییە و هەم بەرپرسیار، قوربانییە بەهۆی کەمی هوشیاری و نەبونی پەروەردی دیجیتاڵی و کەناڵی هوشیارکردنەوە لەم بارەیەوە و لەهەموی گرنگتر کەمی بایەخدان پێی چ لەلایەن خێزانییەوە یان لە لایەن دەوروبەرەکەی. بەرپرسیارە بەوەی زانیاری و ژیانی تایبەتی خۆی لە واقیعەوە گواستوەتەوە بۆ واقیعی گریمانەیی و متمانەکردن بەکەسانێک کە باش نایانناسێت لە ژیانی واقعیدا. هەروەها مرۆڤ خۆی بڕیار لە شێوازی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا دەدات نەک خودی تەکنەلۆژیا؟ بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیەو دەخوازم وتویژی لەبارەوە بکەین:

ئەگەر ئەو کچە کوڕێک بوایا، ئایا کۆمەڵگە بە هەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرد؟ ئەو ناوەڕۆکە کامەیە کە دەتوانرێت لەژێر ناونیشانی Sexting دایبنێن؟ چۆن بتوانین ڕوبەڕوی ئەم دیاردە شاراوەیە ببینەوە تا قوربانی لێنەکەوێتەوە؟

* ڕاهێنەر لە بواری سۆسیال میدیا و ئاسایشی ئەلیکترۆنی

# ترس لە دادگا ژنهێنانی دوەمی کەمکردوەتەوە



▪ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**(سورەیا) ژنێکی تەمەن سەرو ٣٠ ساڵانی دانیشتوی گەرمیانە، زۆرکات ڕوبەڕوی شەڕ و ئاژاوە دەبێت لەگەڵ هاوسەرەکەی، هۆکارەکەیشی بەدحاڵی بون نییە، بەڵکو ئەوەیە هاوسەرەکەی دەیەوێت ژنی دیکە بهێنێت و بۆ ئەمەش پێویستی بە ڕازیی بونی هەیە، بەڵام ئەو بەم کارە ڕازیی نیە و واژوی ڕەزامەندبونی بۆ ناکات.**

ئەگەر هەتا پێش ١٠ ساڵ لە ئێستا هاوسەری (سورەیا) بیویستایە ژنی دوەم بهێنێت، ئەوا ڕێکارەکان ئەوەندە قورس نەبون و دەیتوانی ئەوکارە بکات، بەڵام پاش هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی لە هەرێم، هێنانی ژنی دوەم لەلایەن پیاوانەوە ئەوەندە قورس کراوە، کە گەیشتوەتە ئاستی مەحاڵ.

ئەم گۆڕانکاریانەی کەلە یاساکەدا کراوە و ئەو مەرجە زۆر و سەختانەی دانراوە بۆ هێنانی ژنی دوەم، وایکردوە ڕێژەی هێنانی ژنی دوەم بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بکات، ئەگەرچی پیاوان توانیویانە فێڵ و ڕێگای دیکە بدۆزنەوە بۆ هێنانی ژنی دوەم، لە نمونەی ڕوکردنە دادگاکانی عێراق.

بە پێی ئامارێکی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێم کە دەست (نەوژین) کەوتوە و لە ساڵی٢٠١٧ دا بڵاو بوەتەوە، ٢٤٥ حاڵەتی مارەبڕینی ژنی دوەم لە پارێزگاکانی هەرێم تۆمار کراوە، بەڵام بە پێی ئاماری هەمان ئەنجومەن، لە ٢٠١٨دا ڕێژەکە دابەزیوە بۆ ٨٩ حاڵەت.

بە پێی هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی لە ساڵی ٢٠١١دا، نابێت هاوسەرگیریی ژنێک زیاتر بێت مەگەر بە ڕێگەپێدانی دادوەر نەبێت و دەبێت ڕێگەپێدانیشی ئەم مەرجانەی تێدا بێت، وەک: لە بەردەم دادگا ڕەزامەندیی ژنی یەکەم وەربگیرێت لەسەر هێنانی ژنی دوەم، توشبونی ژنی یەکەم بە نەخۆشییەکی درێژخایەنی سەلمێندراو کە ڕێگە لە کاری سەرجێیی بگرێت و ئومێدی چاکبونەوەی نەبێت یاخود توانای مناڵبونی نەبێت.

لە بەشێکی تری مەرجەکانی یاسەکەدا هاتوە: ئەو پیاوەی لە ژنێک زیاتر دێنێت توانای دارایی وای هەبێت کە بەشی بەڕێوەبردنی هەردو ژنەکەی بکات و بە بەڵگە بیسەلمێنێت و جەختیش لەوە کراوەتەوە کە نابێت ژنی یەکەم لە کاتی گرێبەندی هاوسەرگیری مەرجی دانابێت کە هەوێی بەسەر نەهێنێت.

هەر بە پێی هەمان هەموارکردن، هەر پیاوێک گرێبەندی هاوسەرگیریی بۆ زیاتر لە ژنێک بە پێچەوانەی هەر یەک لە مەرجەکانی ماددەی دوەمی یاساکەوە ئەنجام بدات، بۆ ماوەیەک زیندانی دەکرێت کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە ساڵێک زیاتر نەبێت و سزاش دەدرێت بە بڕی ١٠ ملیۆن دینار.

پارێزەرێک پێیوایە ئەم ڕێوشوێنە یاساییانە، ڕۆڵیان هەبوە لە کەمبونەوەی حاڵەتەکانی هێنانی ژنی دوەم.

عەلی گردەسۆری، بۆ (نەوژین) وتی: «دانانی مەرجی قورس لەسەر پیاوان بوەتە ڕێگر و بەربەست لە هێنانی ژنی دوەم، چونکە بە پێی خاڵەکانی ماددەی دوەمی یاسای باری کەسی کەم پیاو هەیە بتوانێت ئەو مەرجانە جێبەجێ بکات کە ئەمەش وایکردوە هێنانی ژنی دوەم لە هەرێم تاڕادەیەکی زۆر قەدەغە بکرێت».

ئەم قەدەغەکردنە لەلای هەندێک والێکدراوەتەوە کە دژ وەستانەوەی بنەما شەرعیەکانی ئاینی ئیسلامە، بەڵام بەوتەی مامۆستایەکی ئاینی، فرەژنی نە واجبە و نە سونەت.

د. مەحمود زمناکۆیی، مامۆستای ئاینی، بۆ (نەوژین) وتی: «هێنانی ژنی دوەم لە قورئاندا نەهاتوە بڵێ فەرزە و لە سوننەتیش وا نەهاتوە بڵێ بیکەن، بەڵام ڕێگە دراوە پیاو لە ژنێک زیاتر بێنێت لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێک مەرج داندراوە بۆ پیاوان کاتێک ژنێکی تر دێنێت دەبێت عەدالەتی بکات لەسەر سەرجێییکردن و دابینکردنی بژێوی ژیان».

وتیشی: «ئیسلام کە ڕێگەی داوە فرەژنی هەبێت بۆ کۆمەڵێک هۆکارە لەوانە گەر ژمارەی ئافرەت زیاتر بو لە پیاوان، گەر ئافرەتێک کەسی نەبو پەنای بدات پیاوێک بیخوازێت و خزمەتی ئافرەتەکە بکات و لە زۆر مەترسی دوری بخاتەوە».

بەڵام پرسیار ئەوەیە: پیاوان کە ژنی دوەم دەهێنن، بۆ ئەوەیە ئافرەتێک لە مەترسی دور بخەنەوە یاخود پڕکردنەوەی حەزیی کەسییە؟

ئەمەل جەلال، ئەندامی باڵای ئەنجومەنی کاروباری خانمان، بە تەواوی دژی ئەو بۆچونەیە کە فرەژنی وەکو چارەسەر دەبینێت.

وتی: فرەژنی ناتوانێت چارەسەری کێشەکانی ژنان بکات لەوەی کە هەمو ئافرەتێک کە تا ئێستا شویان نەکردوە بتوانن بەو جۆرە شو بکەن.

وتیشی: « زۆرێک لەو پیاوانەی کە پێشتر ژنی دوەمیان هێناوە لە دوای ماوەیەکی کەم شکستیان هێناوە و ژنی دوەم چوەتەوە ماڵی باوکی، هەروەک زۆربەی ئەوانەی ژنی دوەمیان هێناوە ژنی یەکەم پشتگوێ دەخەن و جاری واش هەیە دەیچەوسێننەوە».

## سامان گەرمیانی:

# ژنان سڵ دەکەنەوە لەهاتنە پێشەوە دا بۆ کاری سیاسیی

▪ نەوژین، نیگار عومەر

**سامان گەرمیانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەرپرسی مەڵبەندی ١١ی گەرمیانی ئەو حزبە، رەخنەی لەحزبەکەی دەگرێت لە روی رۆڵپێدان بە ژنان و هێنانە پێشەوەیان لەکاری سیاسی و رێکخستن دا، هەروەک خۆیشیان بە کەمتەرخەم دەزانێت لەو روەوە، لەگەڵ ئەوەشدا گەشبینە بە زیادبونی چالاکیی و بەشداری ژنانی سنوری گەرمیان.**



لە دیدارێکی (نەوژین) دا، سامان گەرمیانی لەبارەی مێژوی نزیک و ئێستای بەشداری ژنان لەکاری سیاسی و حزبایەتی دا قسەی کرد، پێیشوایە کە لایەنە کۆمەڵایەتییەکە رۆڵی هەبوە لە نەهاتنە پێشەوەی ژنان دا.

وتی: ژنان لەپێشتردا چۆن شان بە شانی پیاوان لەشاخدا کاریان کردوە، نانیان بۆ پێشمەرگە ئامادەکردوە، لەهەمان کاتدا پێشمەرگەی شاخیش بونە، توانیویانە هەمیشە پێشەنگی هەمو کارەکان بن کە ویستویانە ئەنجامی بدەن.

باسی لەوەشکرد ئەم بەشدارییە لەپاش راپەرین وەک پێویست نەبوە و دەڵێت: «کەمتەرخەم بوین لەهێنانە پێشەوەی ژنان دا».

بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی کە چەند ساڵێکە ئەو پۆستەی وەرگرتوە، باس لە یەکەم کۆبونەوەی خۆی دەکات لە مەڵبەندەکەدا کە چۆن هیچ کادیرێکی ژن ئامادە نەبوە «لەیەکەم کۆبونەوەی دەست بەکاربونمدا هیچ ژنێک بەشدار نەبو، ئەمەش خۆی جێگەی پرسیارە.»

پێیشوایە ئەمە بۆ کەمتەرخەمی بەرپرسان دەگەڕێتەوە. وتی: بەهۆی کەمتەرخەمی کاربەدەستانی گەرمیانەوە، ژنان کەمتر بەشداری لەم پرسە گرنگەدا دەکەن.

لەگەرمیاندا وەک تەواوی کوردستان، کاری سیاسیی بە کارێکی «پیاوانە» هەژمار کراوە، هەربۆیە بەشداریکردنی ژنان لەم بوارەدا تا ئەو رادەیە رۆشتوە کە بە «عەیبە» هەژمار بکرێت.

ئەندامەکەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی، وایدەبینێت ئەم بوارە لەلایەن پیاوانەوە قۆرخکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا دابونەریتەکان بون بە رێگر.

وتی: گەرمیان تاوەکو ئێستا کۆمەڵێک دابونەریتی کومەڵایەتی تێیدا زاڵە، پیاوان کاری سیاسی بە تەنها بە مافی خۆیان دەزانن، ئەمەش وایکردوە ژنان سڵ بکەنەوە لەهاتنە پێشەوە و ترس لەقسە و قسەڵۆکی نێو کۆمەڵگە.

دەشڵێت: کاربەدەستانی گەرمیانیش نەیانتوانیوە یەکسانییەک دروست بکەن، بەڵام ئەم کارە هەر بەتەنیا بە پیاوان ناکرێت، پێویستە ژنانیش رۆڵی تێدا بگێڕن.

بەڵام ئایا چی کراوە بۆ گۆڕینی ئەم رەوشە؟ ئایا خودی خۆی لەو کاتەوەی بوە بە بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی، چی گۆڕانکاریەکی لەم تێڕوانین و کارکردنەدا هێناوەتە دی؟

سامان گەرمیانی، لە وەڵامدا دەڵێت: من لەسەرەتای دەستبەکاربونمدا، کارم بۆ هێنانەپێشەوەی ژنان کردوە، لەداهاتودا پێمخۆشە نیوەی ئەندامانی مەڵبەندەکە ژن بێت.

پێیشوایە ئەم کارە ئاسان نیە و پێویستی بە هاودەنگی کەسانی دیکەیە و بەتایبەتی پاڵپشتی ژنان «ئەم کارە بە تەنیا بە من ناکرێت، بەڵکو پێویستە ژنان خۆیان هەوڵ بۆ هاتنە پێشەوە بدەن، دەبێت بزانن هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ رەگەزی بەرامبەردا».

> پێویستە ژنان خۆیان هەوڵ بۆ هاتنە پێشەوە بدەن

ئەو خۆیشی بە لایەنگرێکی مافەکانی ژنان دەزانێت و دەڵێت: «نەک هەر تەنیا کار بۆ ژنی نێو حزبەکەی خۆم، بەڵکو بەبێ جیاوازیی کار بۆ هەمو ژنان دەکەم».

لەگەڵ ئەوەشدا کە بەشداریی ژنان کەم و سنورداره لەکایەی سیاسی دا لەگەرمیان، بەڵام (سامان گەرمیانی) دڵخۆشە بەوەی هەست بە گۆڕانکاریەک دەکات لەو روەوە.

وتی: ئێستا ژنانێک سەردانی مەڵبەندەکەمان دەکەن و دەیانەوێت بەشدار بن، ئەمە جگە لەوەی دەبینم ژنان زۆر بە زیرەکانە و چالاکانەوە بەشداریی زۆربەی کار و چالاکیەکانی سنورەکە دەکەن و رۆڵ دەگێڕن.

بە گەشبینییەوە وتی: «ئەمە مایەی دڵخۆشییە کە دەبینم کچانی شار و ناحییەکانی گەرمیان دەتوانن بەربەستەکانی کۆمەڵگە بشکێن و بێنە پێشەوە».

---

# ئەو ژنانەی روخساری سیاسەتیان گۆڕی

▪ نەوژین

**لەمێژوی هاوچەرخی سیاسیی دا لەسەر ئاستی جیهان، ژمارەیەک ژن لە رێگەی وەرگرتنی پۆستی بەرزی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، توانیویانە ئەو روخسارانە «نێرانەییەی» دەسەڵات و فەرمانڕەواییکردن بگۆڕن.**

لەم راپۆرتەدا ئاماژە بە (٧) لەو ژنانە دەکەین کە توانیویانە ببنە روکارێکی جیاوازی کاری سیاسی لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان دا.

**١. سەرۆک وەزیرانی دانیمارک (هیلی شمیدیت)**

ژنە سیاسەتوانی دانیمارکی، لە ساڵی ١٩٦٦ لەدایکبوە، توانی لە ماوەی ساڵانی ٢٠١١ تا ٢٠١٥ ببێتە سەرۆک وەزیران.

لەماوەی ساڵانی ١٩٩٩ — ٢٠٠٤ نوێنەری دانیمارک بوە لە پارلەمانی یەکێتی ئەوروپا، لە ساڵی ٢٠٠٥ بە سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتەکانی دانیمارک هەڵبژێردرا.

(شمیدیت) بەکالۆریۆسی لە زانستی سیاسی و ماستەری لە لێکۆڵینەوەی ئەوروپی دا هەیە.

**٢. سەرۆکی بەرازیل (دیلما رۆسیف)**

یەکەم ژنی بەرازیلییە کە ئەم پۆستە وەربگرێت. پێشتر لە ساڵی ٢٠٠٥ بە وەزیری کاروباری سەرۆکایەتی لەلایەن سەرۆکی ئەوکات (لۆلا دا سیلڤا)وە دەستنیشان کرا، لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٠ دا بە بەدەستهێنانی ٥٨٪ی کۆی دەنگەکان بو بە سەرۆک.

**٣. سەرۆکی لیبیریا (ئیلین جۆنسۆن سیرالیڤ)**

ساڵی ٢٠١١ بەهاوبەشی لەگەڵ دو ژنی تری چالاک، خەڵاتی نۆبڵیان بۆ ئاشتی بەدەستهێنا، لەبەرامبەر تێکۆشانی ئاشتیانیان بۆ پاراستنی ژنان و بەشدارییکردن لە بەدەستهێنانی مافەکانیان و بەرقەرارکردنی ئاشتی دا.

ئەو بو بە یەکەم ژن لە مێژوی ئەفریقیادا کەلەرێگەی هەڵبژاردنێکی ئازادەوە بە سەرۆک هەڵبژێرێت، پاش ئەوەی پێشتر وەکو وەزیری دارایی لە حکومەت دا پۆستی هەبوە.

**٤. سەرۆکی لیتوانیا (دالیا گریباوسکایتی)**

بە یەکەم ژنە سەرۆک دادەنرێت کەلە مێژوی وڵاتەکەیدا دو جار لەسەر یەک هەڵدەبژێرێت و بەهۆی لێهاتوییەوە بە «ژنە پۆڵایینەکە» ناوبراوە.

پێش ئەوەی ببێت بە سەرۆک، بۆ ماوەیەک وەکو رێپێدراوی یەکێتی ئەورپا بۆ پلاندانانی دارایی و بودجە لە ساڵانی ٢٠٠٤ — ٢٠٠٩ کاریکردوە.

**٥. ئەرنا سولبۆرگ**

سەرۆک وەزیرانی نەرویژ، کە لە ساڵی ٢٠٠٤ دا پۆستی سەرۆکی پارتی پارێزگارانی وەرگرت.

لەساڵی ١٩٨٩ وە وەکو پارلەمانتار لە نەرویژ هەڵبژێردراوە، پاشان چەند پۆستێکی حکومیی وەرگرتوە، لەوانە وەزیری فەرمانڕەوایی خۆجێیی و پەرەپێدانی هەرێمی.

**٦. ئەنگێلا مێرکل**

لەگەڵ کەوتنی دیواری بەرلینەوە لەساڵی ١٩٨٩، مێرکل تێکەڵ بەکاری سیاسی بوە، بە پەیژەی پۆستەکاندا سەرکەوتوە هەتا بوە بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی مەسیحی، پاشان وەکو یەکەم ژن لە مێژوی ئەو وڵاتەدا، لەساڵی ٢٠٠٥ بە راوێژکاری ئەڵمانیا هەڵبژێردرا و تائێستاش بەردەوامە.







مێرکڵ زیاتر لەهەر ژنێک لە بواری سیاسەت دا، جێگەی سەرنج و گرنگیپێدانە، ئەویش بەهۆی ئەو رۆڵەی لە گۆڕەپانی سیاسیی ناوخۆیی و دەرەوەشدا دەیگێڕێت.

**٧. تیریزا مەی**

لەساڵی ٢٠١٦وە پۆستی سەرۆک وەزیرانی وەرگرتوە و تائێستاش بەردەوامە بەشێوەی کاربەڕێکەر پاش ئەوەی لەم ماوەیەی رابردودا دەستلەکارکێشانەوەی بەهۆی پرسی کشانەوەی بریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا خستەڕو.

(مەی) دوەم ژنە لەمێژوی نوێی بریتانیادا ئەو پۆستە وەردەگرێت، ئەویش دوای (تاتچەر)، پێشتریش چەندین پۆستی سیاسیی حکومیی و حزبی وەرگرتوە، دیارترینیان وەزیری ناوخۆی ئەو وڵاتە بو لە ساڵانی ٢٠١٠ — ٢٠١٦.

# 30 ساڵ لەگەڵ درومان دا




وێنەی یەکەم: گەلاوێژ عەدنان لە خولێکی فێربونی درومان لە ساڵانی نەوەدەکان لە کفری. وێنەی دوەم: گەلاوێژ عەدنان لە دوکانەکەی دا لە کەلار ٢٠١٩

■ نەوژین، نازەنین گۆران

**ماوەی نزیکەی ٣٠ ساڵە لە بواری درومان و کاری دەستی دا کاردەکات، بەشداریی لە چەندین پێشانگای تایبەت بەم بوارە کردوە، هەروەک یەکەم خولی فێربونی درومانیشی بۆ ژنان لە شاری کفری دا کردوەتەوە. ئەو ژنەش (گەلاوێژ)ە.**

گەلاوێـژ عەدنان، ٤٣ سـاڵ، لەسـاڵی (١٩٨٩)ەوە دەسـتی کـردەوە بەکاری درومـان، ئـەو کاتەی لە شـاری کفری نیشـتەجێبوە. لەوێ جلوبەرگی جیاواز و جۆراوجۆری بۆ ژنان دوریوە.

ئـەو سـەرەتا زۆرینـەی کاتـەکان لـە ماڵەوە سەرقاڵی درومانکردن بوە و هەر لەوێش ژنان سـەردانیان کردوە، پاشان بـرەوی بە کارەکـەی داوە و دوکانێکی داناوە، کە بەیەکێک لە سـەرەتاییترین ئـەو دوکانانە هەژمـار دەکرێت ژنان لە سنورەکەدا کردبێتیانەوە.

(گەلاوێژ) ئەو بەهرە و توانایەی هەیبوە لەمبـوارەدا، ویسـتویەتی بەشـداریی پێبکات لەگەڵ ئەوانی دیکەدا و ژنی تر لەسـەر فێربونی ئەم پیشەیە رابێنێت، هەربۆیە وەکو یەکەمین ژنی پیشـەوەر لەسـاڵی ١٩٩٣ دا لـە قـەزای کفـری، خولێکی درومانی بۆ ژنان کردوەتەوە. وتـی: «یەکـەم ژن بـوم کە لـە کفری خولێکـی بێبەرامبەری فێربونی درومانم بۆ کەسـوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان کردوەتەوە».

چونە نێو ژیانی هاوسەرگیریی و بون بە دایک، بۆ ماوەیەک ئەم ژنە پیشـەوەرە لە کارکردن دادەبڕێنێت، ئەو ئەگەرچی لـە ماڵەوە بەردەوام بوە بەم پیشـەیە، بـەڵام بەهـۆی رەوشـە خێزانیەکەیەوە نەیتوانیوە بەردەوام بێت لە دوکانەکەی دا، بەتایبەت کە شوێنی نیشتەجێبونی لە کفریەوە بۆ کەلار گواستوەتەوە.

وتی: بەهۆی نەبونی دوکانەوە حەزەکەم کۆتایـی پێنەهـات، بەڵکـو جارێکی تر لە ماڵەوە دەسـتم بەکارکـردن کردەوە و تەنانـەت خولـی فێربونیشـم هەر لە ماڵەوەدا دەکردەوە.

(گەلاوێژ) وەکخۆی ئاماژەی بۆ دەکات، حەزێکـی زۆری بۆ کارکردن و بەتایبەت پیشەی درومانی هەیە، بەشێوەیەک کە لێـی بێزار نابێت، هەر ئەمەش هانیداوە کـە پـاش چەنـد سـاڵێک جارێکی تر بگەڕێتـەوە دوکانداریـی، ئەمجارەیـان کارەکانـی لەچوارچێـوەی دوکانێکـدا لەکەلار پەرەپێدەدات.

بـەدەر لـە کاری درومانـی لەمـاڵ و دوکاندا، ئەم ژنە پیشەوەرە ویستویەتی بەشـداریی چالاکیـە جۆراوجۆرەکانیش بـکات، هەربۆیـە لـە ژمارەیـەک لـەو پێشـانگایانەی کـە بـۆ کاری دەسـتی و درومـان لە سـنورەکەدا کراونەتەوە، بەشداریی کردوە.

هـەروەک بـەردەوام بوە لـە کردنەوەی خول و هاوکارییکردنی ژنان بۆ فێربونی ئەم پیشـەیە، شارەکەی خۆیشی لە یاد نەکردوە و پاش هاتنی بۆ شاری کەلار، تائێسـتا ٣ خولی فێربونی درومانی بۆ ژنانی کفـری کردوەتەوە، هـەروەک لە کەلاریش بـەردەوام بوە لـە کردنەوەی خولی هاوشێوە.

وادیارە ئەم خولانـەی (گەلاوێژ) بەلای ئەو ژنانەوە کە بەشدارییان تێدا کردوە، سەرکەوتو بوە و ئامانجی خۆی پێکاوە. نەسـرین عەلـی، ٢٩ سـاڵ، یەکێکـە لەوانەی لەلای (گەلاوێژ) خولی بینیوە، بۆ (نەوژین) وتـی: «زۆرحەزم لەکاری بەرگدوریی بو، بۆیە بەشـداری خولێکم کرد کە لـە ماڵەکەی خوی کردبویەوە و سـودێکی باشـی لـێ ببیـن، چونکە ئـەو وەک هاوڕێ بـو لەگەڵمان دا نەک مامۆستا».

(گەلاوێـژ) کـە ئـاوڕ لـە ئەزمونی ٣٠ سـاڵ کارکردنی دەداتەوە، بە ئاستەمی دەزانێـت بیتوانایـە بـەردەوام ببوایـە ئەگەر لەلایەن خێزانەکەیەوە پاڵپشتیی نەکرایەوە.

> **یەکەم ژن بوم کە لە کفری خولی فێربونی درومانم کردوەتەوە**

بـە تۆنێـک لـە سوپاسـگوزارییەوە وتـی: «دایـک و باوکـم زۆر پاڵپشـتم بـون، هەروەهـا پاش هاوسـەرگیرییش هاوسـەرەکەم زۆر هـاوکار و پاڵپشـتم بوە».

---

# ژنە مریشک فرۆشەکەی کەلاری کۆن



■ نەوژین،
خۆشبین جەلال- دیمەن ئیسماعیل

**لە گەڕەکی کەلاری کۆن، ژنێک دوکانێکی بچوکی داناوە و تیایدا مریشک دەفرۆشێت، بەمەش دەبێتە یەکەم ژن کە لە قەزاکەدا ئەو کارە دەکات، باس لەوە دەکات کە لە رێگەی ئەم کارەیەوە بژێویی خێزانەکەیان دابین دەکات.**

بەفـراو میـرزا، تەمـەن ٤٧ سـاڵ، دانیشـتوی گەڕەکـی کـەلاری کۆنـە، ماوەی ٣ ساڵە دوکانی مریشک فرۆشی داناوە لە تەنیشت ماڵەکەی خۆی دا.

بۆ (نەوژین) باس لەسەرەتاکانی دانانی دوکانەکەی دەکات و دەڵێت: «پێشتر حەزم لە دوکانی مریشک فرۆشتن هەبو، بەڵام بەهۆی نەبونی دەستمایە نەمتوانی دایبنێم، بەدوکانی وردەفرۆشـی دەستم پێکرد، لە کۆتایی دا توانیم ئەم دوکانە دابنێم».

دوکانی مریشکفرۆشیەکەی (بەفراو) ٢٥ مەتری چوارگۆشە جێگەیەتی، جگە لەم دوکانەش دوکانێکی وردەفرۆشـی هەیە ماوەی ٥ سـاڵە داینـاوە «دوکانەکەی ترم شیرینی و بابەتی منداڵان و خواردنی وشکەی تێدایە».

لەگـەڵ بەڕێکردنـی کڕیـارەکان دا بەردەوام بو لە گێڕانەوە و وتی: حەزی من دوکانی مریشک بو، بیرم کردەوە لە تەنیشت ئەم دوکانەدا بەشێکی بکەم بە مریشک فرۆشی و ئیشەکانم تێدا ئەنجام بدەم.

سـەبارەت بە فرۆشـتنی مریشـکەکان وتـی: «رۆژێک یان دو رۆژ جارێک، دو سندوق مریشـک دەکڕم بە نرخی کۆ و پاشـان بە موشـتەریەکانم دەیفرۆشم، تەنیا کرێی پاک کردنەکە وەردەگرم».

ئەگەرچی لەدوکانەکانی مریشک فرۆشی بە گشـتی پـارەی قازانـج و پاککردن بەجیـا وەردەگیرێـت، بـەڵام (بەفراو) بـاس لـەوە دەکات کـە تەنیـا پارەی پاککردنەکـە وەردەگرێت و هیچ نرخێک ناخاتە سەر مریشکەکان.

ئـەو ژنـە خاوەنـی ٩ منداڵـە (٢ کچ و ٧ کـوڕ)، ٥ لـە کوڕەکانـی خێزاندارن، لەئێسـتادا لەگـەڵ دو کچەکـەی و دو کوڕەکـەی و هاوسـەرەکەی دا دەژێت، ئەرکی بەخێوکردنی خێزانەکەی لەسەر شانە.

ئەحمـەد مەحمـود، ٢٣ سـاڵ، کـوڕی (بەفـراو)ەو خوێنـدکاری زانکـۆی گەرمیانە، بۆ (نەوژین) وتی: «هاوکاری باشی دایکم دەکەم، هەرکاتێک مەجالی نەبێـت مـن یارمەتی دایکـم دەدەم لە راپەڕاندنی کارەکانی دا».

ئـەم کارەی ئەو ژنە دەسـتی داوەتێ، لەلایـەن دانیشـتوانی گەڕەکەکـەوە پێشوازیەکی دڵخۆشکەرانەی لێکراوە.

ژینۆ محەمەد، ٢٩ ساڵ، سەردانیکەرێکی بەردەوامـی دوکانەکـەی (بەفراو)ە، بۆ (نەوژیـن) وتـی: «هەرکات مریشـکم بوێـت بـۆ لای دادە بەفـراو دێـم و بۆ شوێنی تر ناڕۆم».

> **سەرەتا بەدوکانی وردەفرۆشی دەستم پێکرد**

وتیشـی: دادە بەفراو ژنێکی بە هێزە و توانای ئەنجامدانی زۆر کاری هەیە.

کـەلاری کۆن کـە دێرینتریـن گەڕەکی قـەزای کـەلارە و لە دیـوی خۆرئاوای شـارەکەیە، نزیکـەی ٥ هـەزار کـەس تیایدا نیشـتەجێیە، ئەمـەش وایکردوە وەک هـەر گەڕەکێکی تـری قەرەباڵەغ، زۆر دوکان و شـوێنکاری تێدابێـت و گونجاو بێت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی تر.

(بەفـراو) لەمبارەیـەوە نەیشـاردەوە کـە بەهۆی ئەو پێشـوازیە باشـەی لە دوکانەکانی کـراوە، دەیەوێت کارەکانی زیاتر و بەرەوپێشەوەتر ببات.

وتی: «دەمەوێـت لەداهاتودا دوکانێکی گەورەتـر یـان مارکێتێکـی فراوانتـر بکەمـەوە و ئیشـەکانمی تیـادا ئەنجام بـدەم، بەڵام لەئێسـتادا ئـەو توانایەم نیە».

# تۆران یان گفتوگۆکردن و لێکتێگەیشتن؟

▪ نەوژین،
ئاسیا حسێن – هاوژین مەهدی

**«ئەگەر لەگەڵ هاوسەرەکەتدا کێشەیەکت هەبێت، لەگەڵی دەدوێیت یاخود هانا دەبەیتە بەر تۆران و گەڕانەوە بۆ ماڵی باوکت؟» ئەمە پرسیارێکی (نەوژین) بو کە روبەڕوی چەندین ژنی کردەوە لە تەمەن و ئاستی خوێندەواری جیاوازدا، کە زۆرترین وەڵامەکان «تۆران» و گەڕانەوە بۆ ماڵی باوکە، وەک دانیشتن و گوێگرتن لەیەک.**



«پیاوی کورد لەقسە تێناگات»، «تا نەتۆرێی قەدرت نازانن و بەگوێت ناکەن»، «پاڵپشتی باوک و برا نەبێت قسەی ژن ئاوناخوا»، ئەمە هەندێک لەو هۆکارانە بون کە ژنان بەهۆیەوە گەڕانەوە بۆ ماڵی باوکیان پێ باشتر بو.

(تۆران) و گەڕانەوە و هانابردن بۆ ماڵی باوک، وەک نەریتێکی لێهاتوە لەنێو ژنانی گەرمیاندا. ئەوان لەکاتی روبەڕوبونەوەی کێشەیەک لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا، زۆرجار لەجێی گفتوگۆ و تاوتوێی کردن دەگەڕێنەوە بۆ ماڵە باوان و داوای یارمەتی و چارەسەر لە ئەوان دەکەن.

(سارا)ی ٢٥ ساڵان، پێی وتین «من دەجار بە هاوسەرەکەمم وت کە ماڵی دایکی لەگەڵم باش نین، بەڵام گوێی نەدا، کاتێک تۆرام و گەڕامەوە ماڵی باوکم، ئەو راستەوخۆ لەگەڵ خوشکەکانیدا قسەی کرد و بەڵێنی دا کێشەکەم بۆ چارەسەر بکات». ئەو بە پێکەنینەوە وتیشی: «ئەگەر دە ساڵی تر هاوارم بکردایە، هێندەی تۆرانێک کاریگەریی نەدەبو».

(سۆزان)ی ٤٠ ساڵانیش پاڵپشتی ئەم قسانە دەکات و دەڵێت: «هاوسەری من گوێ لە قسە ناگرێت و بیروڕای جیاواز قبوڵ ناکات، منیش ناچارم بۆ چارەسەری هەر کێشەیەکی نێوانمان رو بکەمە ماڵی باوکم».

بەڵام (فاتیمە) ئەزمونێکی جیاوازی لەگەڵ گەڕانەوە بۆ ماڵی باوکیدا هەیە و دەڵێت: «کاتێک بەهۆی کێشەیەکەوە بەبێ گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوسەرەکەمدا تۆرام و گەڕامەوە بۆ ماڵی باوکم، هاوسەرەکەم زۆری پێ ناخۆشبو و وتی خۆزگا کێشەکەت بەخۆم دەوت تا حلی بکەم». ئەو بڕیاری داوە تا ماوە تۆران بە یەکەمین چارەسەر هەڵنەبژێرێت، بەڵکو سەرەتا لەگەڵ هاوسەرەکەیدا تاوتوێی بکات.

لەم بۆچونەدا، بەرپرسێکی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژیش هاوڕایە و پێیوایە «تۆران چارەسەر نییە».

رائید فریاد هیدایەت، وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی لە گەرمیان، بۆ (نەوژین) باس لەم حاڵەتە دەکات و دەڵێت: «تۆران نەک کێشە چارە ناکات، بەڵکو گەورەتری دەکات، چونکە وادەکات خێزانی ژن و پیاو دەستوەردەنە کێشەکە، بەمەش نەک چارەی کێشەکە ناکات، بەڵکو قورسیشی دەکات».

هەروەک کاریگەریەکانی ئەم حاڵەتەش دەخاتەڕو «ئەم دورکەوتنەوەیەش ساردبوونەوەیەک یان کەلێنێک دەخاتە نێوان ئەو دو کەسەوە».

قسەکانی وتەبێژەکەی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی، ژنێک جەختی لێکردەوە کە خۆی ئەزمونی لەمبارەوە هەیە.

تۆران کێشە چارە ناکات، گەورەتری دەکات

(کیژان)ی ٢٥ ساڵ، باس لەدەستێوەردانی خێزانەکەی و گەورەبونی کێشەکەی دەکات پاش تۆرانی و دەڵێت: «دایک وباوکم کێشەکەیان دە هێندەی تر قوڵ و گەورە کردەوە و گەیاندیانە دادگا».

ئەگەر ژنان پاساوی جیاوازیان هەبێت بۆ گرتنەبەری رێگەی تۆران، ئەوا شارەزایەکی دەرونناسی بە رێگەچارەیەکی گونجاو و سەرکەوتوی نازانێت.

د. محەمەد خانی، پسپۆڕی دەرونناسی، لەبارەی تۆران و هانابردنە بەر دایک و باوک بۆ چارەسەری کێشەی خێزانی بۆچونی خۆی دەدات و پێیوایە «ئەمە کارێکی هەڵەیە، چونکە تەنانەت دوای ئاشتبونەوەی هەردو هاوسەرەکە، هێشتا ئەوانی تر کێشەکانیان بیردەمێنێت و هەندێکجار رق لە زاوا یان بوکی خۆیان هەڵدەگرن».

# دەیانەوێت یاریی بکەن و پشتیوانیان نییە



▪ نەوژین، زریان محەمەد

**«بەهۆی ئەوەی کە پاڵپشتم نەبو چ لە لایەن حکومەتەوە چ لە لایەن خاوەنی هۆڵەکانەوە بە تاییەت بۆ ژنان، ناچار بوم واز لە راهێنەری یاری کیک بۆکسێن بێنم» ئەمە وتەی (کارناس)ی راهێنەری یاری کیک بۆکسێنە لە کەلار.**

بەشێک لە کچانی کەلار بەتاییەت ئەوانەی گرنگیی بە وەرزش دەدەن، ئارەزوی ئەنجامدانی ئەو جۆرە یارییانەیان هەیە کە بە «بەرگری» ناسراون، لە نمونەی بۆکسێن و کیک بۆکسێن و هاوشێوەکانی، بەڵام ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن زەمینە لەبار نیە بۆ پیادەکردنی ئەم حەزەیان.

کارناس عەلی محەمەد، پێشتر یاری کیک بۆکسێنی کردوە و بۆ ماوەیەکیش راهێنانی بە ژمارەیەک کچی مناڵ داوەتەوە، بەڵام وەکخۆی دەڵێت: «بەهۆی ئەوەی کە پاڵپشتم نەبو نەمتوانی درێژە بە راهێنەرییەکەم بدەم، لە کاتێکدا چەند فێرخوازێکیشم هەبو».

کچان ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە بەهۆی نەبونی جێگەی تاییەت و راهێنەری تاییەتەوە، ناتوانن ئەو حەزەی کە هەیانە بۆ ئەمجۆرە یارییە وەرزشیانە پەرەپێبدەن، ئەمەش گرێدەدەنەوە بەو بارە کۆمەڵایەتییەی کە هەیە.

بوبیان حەمە ساڵەح، ١٧ساڵ، پیشەی خوێندکارە و دانیشتوی کەلارە، حەزی لە وەرزشە و بەشداریی چالاکیە وەرزشیەکانی قوتابخانەکەی کردوە، بەڵام حەزی سەرەکی ئەو یارییە بەرگرییەکانە.

وتی: هەمیشە ئارەزوم لە یاریە بەرگریەکان هەبوە، بەڵام نەبونی هۆڵی تاییەت بەم یاریە بۆ کچان و نەبونی راهێنەری ئافرەت و تاڕادەیەکیش دواکەوتوی کۆمەڵگاکەمان، بونەتە رێگر لەبەردەم ئەنجامدانی ئەو یاریە بۆ من و کچانی دیکەش.

ئاماژەی بەوەشکرد: «ئەگەر هۆڵ و راهێنەری تاییەت هەبێت، ئەوا ئەو حەزەم بەدی دێنم، ئەگەرچی لێرە دەبێت دەستبەرداری زۆرێک لە ئارەزوەکانمان بین».

(هۆزان) یەکێکی ترە لەو کچانەی کە ئارەزوی لە یاری کیک بۆکسێن هەیە، بەڵام بەهۆی نەبونی جێگەی تاییەت بەو یارییە، وەکخۆی دەڵێت: «بێئومێد بوە».

هۆزان محەمەد، ٢٤ ساڵ، دەرچوی بەشی وەرزشە لە شاری کەلار، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «زۆر ئارەزوم لە یاری کیک بۆکسێن هەیە، چونکە یارییەکی رۆحیە و فێری ئارام گرتن و باوەڕبەخۆبونت دەکات، بەڵام بەهۆی نەبونی جێگەی تاییەت بەو یارییە ئەو ئارەزوەم ئەبێت لە گۆڕ بنێم».

وتیشی: داواکارم بەرپرسانی گەرمیان ئاوڕ لە بواری وەرزش بدەنەوە لە ناوچەکە و خەونی کچان بەدی بهێنن.

مامۆستایەکی وەرزش باس لەوە دەکات سەرباری ئەوەی نەبونی جێگەی تاییەت بە یاری کیک بۆکسێن، بەرپرسانی سنورەکەش هۆکارن بۆ ئەوەی کچان بەو خەونەیان نەگەن.

بەهار رەحیم، بۆ (نەوژین) وتی: نەک یاری کیک بۆکسێن، بەڵکو لە یاریەکانی تریش ئاوڕی جدی لە کچان نەدراوەتەوە، لەلایەن هەندێک کەسەوە دەستگیراوە بەسەر ئەو یاریگانەی کە لە گەرمیان دا هەن و بونەتە رێگر لەبەردەم کچان کە بگەن بە خەونەکانیان.

لە بەرامبەریشدا بەرپرسێکی وەرزش لەگەرمیان، پێیوایە کێشەکە نەبونی پشتیوانی نییە، بەڵکو نەبونی راهێنەرە.

قەیس سەعدوڵڵا حەسەن، لێپرسراوی وەرزش و لاوانی کەلار، بۆ (نەوژین) وتی: «جێگە هەیە بۆ کردنەوەی یاری کیک بۆکسێن، ئەوەی گرفتە ئەوەیە کە راهێنەری تاییەت بە بوارەکە نیە لە ناوچەکە دا».

وتیشی: لە وڵاتان ئەم یاریە کراوە بە پرۆگرام و لە زانکۆکان دەخوێندرێت، بەڵام لێرە هیچ شتێک نیە تاییەت بێت بەوە، بۆیە پێویستە بکرێت بە پرۆگرام بۆ ئەوەی کچانیش بە حەزەکانیان بگەن.

### شانۆکار (بێلان فەرهاد):

# وەک پێویست گرنگی بە بواری رۆشنبیریی نادرێت

■ **نەوژین، سەباح حسێن**

**پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفری تەواو کردوە، بەوهۆیەی خێزانەکەیان هونەریی بون و کراوەبون بەروی ئەم بوارەدا، بۆیە پێیوایە ئاسانتر لە کچانی تر تێکەڵ بە بوارەکە بوە، ئێستاش لە پاش دەرچونی لە پەیمانگا، بەردەوامە لەکاری هونەریی و وایدەبینێت کە شانۆ ژیانە.**
**(بێلان فەرهاد)ی شانۆکار، لەبارەی ئەزمونی خۆیەوە بۆ (نەوژین) قسە دەکات.**




(بێلان فەرهاد)، ئێستا ئەندامی گروپی هونەریی ئەستێرەکانە لە کەلار، بەشداریی لە چەندین شانۆگەری دا کردوە، چ شانۆی شەقام بن یان هی هۆڵەکان، ئاماژە بەوەدەکات کە ئەگەرچی بینەری شانۆ بوە بەوهۆیەی باوکی شانۆکار بوە، بەڵام هەتا نەچوەتە پەیمانگای هونەرجوانەکانی کفری، ئاشنا نەبوە بەم بوارە.
پێیوایە کە ئەو پەیمانگایە رۆڵی بەرچاوی بینیوە لە دروستکردنی شانۆکارانی سنورەکە، خۆی بەیەکێک لەو نمونانە دەزانێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وایدەبینێت سەرکەوتنی کەسەکان بەخۆیانەوە بەندە «ئەگەر کەسێک حەزی بەفێربون بێت، ئەوا لە پەیمانگا بە باشی رادەهێنرێت».
لەگەرمیاندا بەردەوام شانۆ بە یەک ریتم نەڕۆشتوە، بەڵکو ماوە ماوە گۆڕانکاریی بەسەر جۆر و چەندێتی چالاکیە شانۆییەکاندا هاتوە.
(بێلان) رایوایە ئێستا بواری شانۆ لەچاو جاران چالاکترە. لەوبارەوە دەڵێت: لەگەرمیان جموجۆڵێکی باشی شانۆیی هەیە و بەرەوپێشەوە دەچێت. پێشتر چالاکیە کەمبو و تەنانەت خەریکبو بەرەو نەمان دەچو، بەڵام ئێستا رەوشەکە باشە.
بەشداریی ژنان لە بواری شانۆ دا لەگەرمیان، یەکێک لەو بوارانە بوە کە بەردەوام جێگەی تێبینی بوە، بەتایبەتی لەگەڵ کردنەوەی دو پەیمانگای ئەکادیمی تایبەت بە هونەر، هێشتا وەک دەوترێت بەشداریی ژنان لە بواری هونەردا لە ئاستی پێویست دا نییە.
بەقسەی شانۆکار (بێلان فەرهاد) بەشداریی کچان لە شانۆدا باشە، بەڵام ئەویش رەخنەی هەیە و وایدەبینێت بەشدارییەکە لە رابردودا چالاکتر بوە.
دەڵێت: کچان و ژنان لە رابردودا بەشداریان لە کاری هونەریی زیاتر و باشتر بون، ئێستاش بەشداریی هەیە، بەڵام پێموایە جاران باشتر بوە.
بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: بۆچی کچان بەشداریی کاری هونەریی ناکەن، لەکاتێکدا دەرفەتی کاری هونەریی و ناوەندی تایبەت بە پێگەیاندنی هونەریش زۆر زیاتر بوە؟
لەوەڵامدا (بێلان فەرهاد) ئەم بابەتە گرێدەداتەوە بە رەوشە کۆمەڵایەتی و خێزانیەکەوە. دەڵێت: زۆر کچی باش و بەتوانا دەناسم کە حەزیان لە بەشدارییکردنی کاری هونەرییە، بەڵام بەداخەوە رێگەیان پێنادرێت لەلایەن خێزانەکانیانەوە بۆ ئەوەی لەم بوارەدا بخوێنن و بەشداری کاری هونەریی بکەن.
ئەو کچە شانۆکارە باس لە ئەزمونی خۆی دەکات لەو روەوە و ئاماژە بەوەدەکات بەوهۆیەی لە خێزانێکی هونەریی بوە، هەربۆیە هیچ رێگریەکی لەبەردەمدا نەبوە بۆ ئەوەی بچێتە ئەم بوارە، بەڵام سەرباری ئەوەش روبەڕوی توانج و قسەی کۆمەڵگا بوەتەوە.
(بێلان) پێیشیوایە کە ئەگەر کچان گوێ بەو قسە و توانجانەش نەدەن، بەڵام هەر لێکەوتەی دەبێت لەسەریان، بۆ ئەمەش هۆشیارکردنەوەی تاکەکان بە گرنگ دەزانێت.
لەگەڵ هەمو ئەو رێگری و ئاستەنگانەشی دا کە هەیە، شانۆ و شانۆکارانی گەرمیان توانیویانە چ لە دەڤەرەکە و چ لەناوچەکانی دیکەش ببنە جێ سەرنجی بینەران.
(بێلان فەرهاد)، دەڵێت: بەرهەمی زۆر شوێنی دیکەم بینیوە کە ئەوانەی گەرمیان لەوان باشتر بون، هەروەک دەشبینین زۆر هونەرمەندی گەرمیان توانیویانە لە جێگەکانی تر سەرکەوتو ببن و ببنە جێگەی سەرنج.
ئەم شانۆکارە ئەمە گرێدەداتەوە بە گرنگیپێدانی لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، کەپێیوایە گرنگیدان بە بواری رۆشنبیریی لەلایەن حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە وەک پێویست نیە.

---

# دەستەیەک ژنە نوسەری تایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە









■ **نەوژین**

**لە دەستپێکی سەدەی بیستەوە، ژمارەیەک ژنی نوسەر هاتونەتە مەیدانەکەوە کە توانیویانە پێگە و قەوارەیەک بە ژن بدەن و خەم و کۆژانەکانیان بخەنە بەر باس.**

لەم بابەتەدا ئاماژە بە ٩ لە دیارترین ئەو ژنە نوسەرانە دەکەین لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە خاوەنی قەڵەمی بوێر و هەنگاوی ئازایانە بون.

**١. لەیلا بەعلبەکی**
لە سەرەتاییترین ئەو ژنە نوسەرانە بو کە باسیان لە کۆژانی ژنان کردوە و دەنگی ژنیان هێناوەتە نێو ئەدەبی عەرەبییەوە. پاش بڵاوکردنەوەی رۆمانێک کە باس لە ژنێکی لوبنانی دەکات کە چۆن بەگژ ئاستەنگەکان دا دەچێتەوە، روبەڕوی زۆر هێرش و تۆمەت کرایەوە، ئەگەرچی بێتاوانی خۆی لەو تاوانانە سەلماند، بەڵام تا ساڵی ١٩٦٤ نزیکی نوسین نەبویەوە و پاشان روی لە بواری رۆژنامەوانی کرد.
**٢. ئاسیا جەبار**
ئەم ژنە جەزائیرییە بەوەناسراوە کە خاوەنی جموجۆڵێکی بەرچاو بوە لە پیشاندانی کێشەکانی ژنان پاش قۆناغی ئیستیعمار، لە رێگەی نوسینەکانییەوە توانی وێنەیەک لەو کێشە و ئازارانە پیشان بدات کە ژنان لەکۆمەڵگادا روبەڕوی دەبنەوە.
ئاسیا یەکەم ژنە نوسەری عەرەبی بو کە خەڵاتی (AcadémieFrançaise) وەرگرت، کە خەڵاتێکە تایبەت بە نوسەران بە زمانی فەرەنسی.
**٣. ئەنعام کجەچی**
لە بەغداد لەدایکبوە، بەڵام لە کۆتایی حەفتاکانەوە لە پاریس گیرساوەتەوە. نوسەر و رۆماننوسێکی عێراقیە، زۆرتر لەسەر پرسی کۆچ و ئێستای عێراق وەستاوە و قسەی کردوە. بەهۆی رۆمانەکەیەوە «طشاری» کە کۆمەڵگای عێراقی لە پەنجاکان پیشان دەدات، لە ساڵی ٢٠١٣ بۆ وەرگرتنی خەڵاتی رۆمانی نێودەوڵەتی عەرەبی پاڵێورا.
**٤. سەحەر خەلیفە**
لەدیارترین ئەو ژنانەیە کەلەبارەی دۆزی ژن لە فەڵەستینەوە نوسیویەتی، بەتایبەتی لەژێر ستەمی داگیرکاریی و ئاوارەبون دا.
لەرێگەی رۆمانەکانیەوە ویستویەتی ئەو قوربانییدانانە پیشان بدات کە ژنانی فەڵەستینی پێشکەشی دەکەن، لەپاڵ ئەوەشدا ئەو تێڕوانینە بخاتەڕو کە ئەو وەکو بونەوەرێکی پەراوێزخراو دەبینێت.
**٥. فاتمە مەرنیسی**
بەیەکێک لە دیارترین توێژەرانی ژن لە فیکری ئیسلامیی دا هەژمار دەکرێت. نوسینەکانی ئەم ژنە مەغریبیە لەبارەی ژن و پێگە و ئەرکەکانی لە دیدی ئاینی ئیسلامەوە چڕکردوەتەوە، لە ساڵی ١٩٥٧ بە کتێبەکەی «لەپشتی حیجابەوە» مشتومڕێکی زۆری هێنایە ئاراوە. هەروەک لە توێژینەوەکانی دا تیشکی خستوەتەسەر لایەنی سێکسی ژنان لە مێژوی ئیسلامیی دا.
**٦. ئازار نەفیسی**
بەرەگەزی ئێرانیە، بەڵام خوێندنی لە سویسرا و ئەمریکا تەواو کردوە. لە رێگەی رۆمانەکەیەوە «کاتێک لۆلیتا لە تاران دەخوێنیتەوە» لە ساڵی ٢٠٠٣ دا، تیشکی خستەسەر هەرەسهێنانی ئازادیی و کۆژانەکانی ژنان پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی. هەروەک لێکەوتە و کاریگەریەکانی جەنگی عێراق- ئێران، بەشێکی تر لەو جومگە و بوارانە هەژمار دەکرێت، کە لە رۆمانەکەیدا باسی لێوەکردوە.
**٧. غادە ئەلسەمان**
لە دیمەشق ژیاوە و پاشان لە شەستەکانەوە روی لە بەیروت کردوە و تیایدا گیرساوەتەوە. لە رۆمانەکانی دا تیشکی خستوەتەسەر کێشە کۆمەڵگەییەکان و ئەو کارەساتانەی بەهۆی شەڕی ناوخۆیی لوبنانیەوە توشی کۆمەڵگا بوە. بەگشتی نوسینەکانی جەخت لە بەرەنگابونەوەی بۆچونە بۆرژوازییەکان و پێویستیی چەسپاندی ئازادی کەسیی و یەکسانی رەگەزیی دەکاتەوە.
**٨. مەرجان ساترابی**
رۆمانەکەی (پرسیپۆلیس) لە ساڵی ٢٠٠٠ دەنگدانەوەیەکی باشی هەبو و کە کرا بە فیلمیش بەهەمانشێوە چەندین خەڵاتی بەدەستهێنا.
ئەم ژنە نوسەرە ئێرانیە، کێشەکانی کۆمەڵگاکەی بەتایبەتی مەسەلەی دیکتاتۆریی و هەروەها جیاوازیەکانی دونیابینی نەوەی گەنجان و دەسەڵاتداران پیشان دەدات، هەروەک ئەو یاسا داپڵۆسێنەر و توندانەش دەخاتەڕو کە دژ بە ژنان و هونەرمەند و چالاکان و کەسانی سیاسی لەو وڵاتەدا بونیان هەیە.
**٩. حەنان ئەلشێخ**
ئەگەرچی وەکو ژنە نوسەرێکی جیهانی دەرکەوتوە، بەڵام بەزۆری ئەو بابەتانە تاوتوێ دەکات کە ژنان لە کۆمەڵگا عەرەبیەکاندا روبەڕوی دەبنەوە، بەتایبەتی هەندێک پرسی هەستیاری وەکو هاوڕەگەزبازی و ناپاکیی ژنان و لەباربردن. هەروەک رۆمانەکانی باس لە پرسی ئینتیما و ئەو دڵەڕاوکێیانە دەکات کە کۆچبەری عەرەبی لەنێوان شوناسەکەی خۆی و ئەو وڵاتەی کۆچی بۆ کردوە، توشی دەبێت.

# «مامۆستا داری ماسیحەی لە سەرمدا شکاندوە»



ئەشکەنجەدان بەرامبەر بە فێرخواز زیادی کردوە

زۆربەی لێدان و جنێوەکان، خۆخاڵیکردنەوەی مامۆستایە

■ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**«مامۆستاکەم ئازارم دەدات، منداڵەکەی لەمنی دەدا، منیش بە بەڕێوەبەرەکەم وت، کەچی ئەو ئێستا خراپتر لێم دەدات، نوکی قەڵەم دەکاتە سەرم، داری ماسیحەشی لەسەرم دا شکاندوە، ناهێڵێ بچمەوە ژورەوە و لە وانەکانم دابڕاوم». (مستەفا)، کە روخساری ترسێکی زۆری پێوە دیاربو، وای وت.**

ئەگەرچی لەقوتابخانەکاندا توندوتیژی بە جۆرە جیاوازەکانیەوە قەدەغەکراوە، بەتایبەتی توندوتیژی جەستەیی لە نمونەی لێدان و ئازار دان، بەڵام ئەم حاڵەتە تائێستا لە هەندێک لە ناوەندەکانی خوێندن دا بەردەوامی هەیە و لەلایەن مامۆستاوە لە فێرخواز دەدرێت.

فێرخوازان باس لەوەدەکەن کە زۆرجار بە بێ هۆ دەکەونە بەر رقی توندوتیژی مامۆستاکانیان.

مستەفای تەمەن ١٥ ساڵ، خوێندکاری پۆلی هەشتی بنەڕەتیە، لەلایەن مامۆستاکەیەوە لێی دراوە، باس لەوە دەکات کە سەرەڕای ئەوەی هیچ کارێکی نەشیاوی نەکردوە، بەڵام بەخراپی لەلایەن مامۆستاکەیەوە توندوتیژی بەرامبەر کراوە.

وتی: «ماوەی ٦ مانگە مامۆستاکەم رقی بەرامبەرم هەڵگرتوە، هەرچەندە من هیچ شتێک لەخۆم نابینم کە شایەنی ئەو هەڵسوکەوتە بێت بەرامبەرم دەیکات».

سەبارەت بەهۆکاری لێدانەکەی، وتی: «منداڵی مامۆستاکەم لەپۆلەکەمدایە، لێی دام، رۆشتم بە توێژەرم وت، بەڵام باوکی منداڵەکە کە مامۆستامە، دوای ئەو قسەکردنە زیاتر لێی دەدام».

ئەو نەیشاردەوە کە منداڵی مامۆستاکەی تەنیا لەوی نەداوە بە تەنیا، بەڵکو لەهەمو فێرخوازەکانی تریش دەدات، فێرخوازەکانیش بێدەنگن و دەترسن ناوێرن هیچ شتێک بڵێن.

باسی شێوازی لێدانی مامۆستاکەی دەکات و بۆ (نەوژین) وتی: «رۆژێک لەسەر پلیکانەکان بوم زلەیەکی لێدام لەهۆش چومەوە، هاورێکانم هاتون یارمەتیم بدەن، بەڵام لەترسی هەڕەشەی مامۆستاکەم کشاونەتەوە».

بە دڵێکی پڕەوە دەیوت: «نەک تەنیا لێدان، بەڵکو داری ماسیحەشی لەسەرم شکاندوە، نوکی قەڵەمی کردوە بە سەرم دا».

ئەم توندوتیژییەی بەرامبەر بەو منداڵە کراوە، رەنگە مشتێک بێت لە خەرواری ئەو توندوتیژیانەی کە لە ناوەندەکانی خوێندن دا دەکرێن، کێشە ئەوەیە زۆرجار ئەو حاڵەت و روداوانە پەردەپۆش دەکرێن، بەڵام کاریگەریەکانیان بە رادەیەک قورس دەبن کە وا دەکەن منداڵان لە خوێندن بتەکێنەوە.

دایکی مستەفا، باسی لەوەدەکرد کە منداڵەکەی لەئێستادا زۆر ترساوە و بەوهۆیەوە ناچێتەوە بۆ قوتابخانە «شوێن دەستی لێدانی مامۆستاکەی ئێستاش بە دەموچاویەوە دیارە، ئێستاش دەترسێت و ناچێتەوە بۆ خوێندن».

لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئایا بەدواداچونی بۆ ئەم پرسە کردوە و هیچ سکاڵایەکیان تۆمار کردوە؟ (دایکی مستەفا) وتی: «سکاڵام کردوە لەمافی مرۆڤ و پەروەردەی کەلار، بەڵام هیچ کات کێشەکەیان چارەسەرنەکردوە».

ئەگەرچی ئازاردانەکەی (مستەفا) جەستەیی بوە، ئەوا ئەوەی (دانەر) بەشێوازی جەستەیی و دەرونیش ئازار دراوە و سوکایەتی پێکراوە.

دانەر، ناوی خوازراوی منداڵێکی تەمەن ٩ ساڵە، خوێندکاری پۆلی ٤ ی بنەڕەتیە، لە تەنیشت نەنکیەوە و بە خەمباریەوە چیرۆکەکەی خۆی بۆ باسکردین «بەهۆی ئەوەی قژم کەمێک درێژ بو و باوکم مەجالی نەبو چاکی بکات، مامۆستاکەم لەبەرچاوی هەمو خوێندکارەکانەوە تەوقەیەکی داوە لەسەرم و ئیهانەی کردوم».

تەنیا مامۆستاکان نین کە توندوتیژی دەنوێنن، بەڵکو هەندێک لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکانیش بەهەمانشێوە بەشێکن لە پێشێلکاری و توندوتیژییەکان.

دانەر، لەوبارەوە وتی: رۆژێکیان نینۆکم درێژبو، مدیرەکەم نینۆکی لابردم، ئازاری دام، پێم وت ئازاری هەیە، بەڵام ئەو زیاتری کرد و خراپتر ئازاری دام.

نەنکی (دانەر) باسی ئەوەی دەکرد کە سەری پەنجەی کوڕەکەی هەموی سوربوەتەوە، بەهۆی زۆر برینی نینۆکیەوە.

باسی ئەوەشی دەکرد کە بەدواداچونی بۆ ئەم بابەتە کردوە، مامۆستاکەی داوای لێبوردنی کردوە کە حاڵەتێکی لەناکاو بوە بەهۆی کێشە و گرفتەکانی رۆژانەی نەیتوانیوە کۆنترۆڵی خۆی بکات.

ئەگەر توندوتیژیە جەستەییەکان کەمتر بوبێتەوە لەو کاتەوەی کە بە یاسا قەدەغە کراوە، ئەوا توندوتیژییە دەرونیەکان هێشتا هەر بەردەوامن.

(ژیان) ناوی خوازراوی کچێکی پۆلی ١١ی بنەڕەتیە، ئاماژەی بەوەدا کە قسەی زۆر ناشرین بەرامبەر بە فێرخوازان لەلایەن مامۆستایانەوە دەکرێت.

وتی: «مامۆستاکان قسەی بازاڕی زۆر دەکەن، وشەگەلێک بەکاردەهێنن خۆم پێم شەرمە بیڵێمەوە».

وتیشی: زۆر ئیهانەمان دەکەن، تەنانەت لێپرسینەوەی شێوازی سەرپۆشدانیشمان لێ دەکەن.

ئەو کچە چیرۆکێکی خۆی گێڕایەوە کە چۆن بەهۆی ئەوەی رەنگی چاکەتەکەی جیاواز بوە لە یەکپۆشی، بەوهۆیەوە سوکایەتی پێکراوە و ٣ رۆژیش فەسڵکراوە.

پرسیار ئەوەیە: بۆچی مامۆستا توندوتیژی دەنوێنێت؟ هۆکارەکانی ئەم حاڵەتە چیە؟

بەوتەی مامۆستایەک کە پێی باش نەبو ئاماژە بە ناوی بکرێت، هەندێک لە فێرخوازان بەتایبەت ئەوانەی تەمەنیان گەورە ترە، هیچ سڵ لە مامۆستا ناکەنەوە و ئاژاوە لە پۆل دا دروست دەکەن «بۆیە مامۆستایان پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن».

سۆیبە ئیبراهیم، مامۆستای قوتابخانەی ئەڵوەنی بنەڕەتی، ماوەی ١٧ ساڵە وانە دەڵێتەوە، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «پێشتر لە فێرخواز دەدرا شەرمی لە مامۆستا دەکرد، بەڵام ئێستا فێرخواز هیچ رێزێک لەمامۆستا ناگرێت، لێدانیش بەکەمی بەکاردەهێنرێت».

بەڵام لە بەرامبەردا توێژەرێکی دەرونی پێیوایە کە مامۆستایان زۆرجار کێشەی دیکەی دەرونی و کۆمەڵایەتییان هەیە، کەچی بە فێرخوازانی دەڕێژن.

هاوار کەریم، توێژەری دەرونی، بۆ (نەوژین) دەڵێت: مامۆستا لەژێر کاریگەری ژیانە سەختەکەی خۆی و کێشە و گرفتە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و خێزانیەکانی، دێت وانە دەڵێتەوە و موعاناتەکانی بە فێرخواز دەڕێژێت.

وتیشی: «زۆربەی لێدان و جنێوەکان، خۆخاڵیکردنەوەی مامۆستایە لەو فشارە دەرونی و کۆمەڵایەتیەی کە هەیەتی و فێرخواز هیچ تاوانێکی نیە».

بەڵام لەم ناوەندە دا رۆڵی توێژەرانی دەرونی و کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن دا چییە؟ ئایا ئەوان دەتوانن چ کارێک بکەن و تاچەند پێی هەستاون؟

هاوار کەریم، وتی: «توێژەران هیچ رۆڵێکی ئیجابی وایان نەگێڕاوە، چونکە لەبنەڕەت دا ئەو مافە بەتوێژەران نەدراوە، بەڵکو بە بەڕێوەبەری قوتابخانە سپێردراوە».

ئەگەرچی بە یاسا توندوتیژی دژ بە فێرخواز قەدەغە کراوە، بەڵام هێشتا وەک بەڕێوبەری پەروەردە ئاماژەی بۆ دەکات، بونی هەیە.

دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، رونیکردەوە کە خوێندکاران خۆیان نایەنە پێشەوە لەکاتی بونی توندوتیژی دا «سکاڵا هاتۆتە لامان لیژنەمان دەرکردوە بۆ بەدواداچون، رۆشتوینەتە ئەو قوتابخانەیەی کە سکاڵای لێ کراوە و لە فێرخوازەکەم پرسیوە لێتدراوە؟ بێدەنگ بوە و وەڵامی ئەوە بوە کە هیچ مامۆستایەک لێی نەداوم.

جەختیشی کردەوە کە «سەرەڕای ئەوەش مامۆستاکەم ئاگادارکردوەتەوە بە دوبارەکردنەوەی کارێکی لەمشێوەیە لەپۆستەکەی لادەبرێت، بەرێوەبەرەکەشمان لەکارەکەی دورخستوەتەوە».

بەشێک لە هاوڵاتیان لەکاتی توندوتیژی کردن بەرامبەر بە منداڵەکانیان لە قوتابخانەکان دا، رو لە نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان دەکەن، بەڕێوبەری نوسینگەکەش جەخت لە زیادبونی ژمارەی سکاڵاکانی ئەم بوارە دەکاتەوە.

خەبات رەشید، بەڕێوەبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، بۆ (نەوژین) وتی: «لەچاو ساڵانی پێشوتر سکاڵای فێرخوازان زۆرتر بوە، ئێمە هەر سکاڵایەک هاتبێتە لامان دوای بەدواداچونمان بۆمان دەرکەوتبێت کە پاڵپشتە بەبەڵگەی دروست، ئەوە بەپێی یاسای دەستەکەمان ئەگەر ئەشکەنجەدان هەبوبێت راستەوخۆ ئاراستەی فەرمانگەی داواکاری گشتی گەرمیانی دەکەین بە مەبەستی لێکوڵینەوە، ئەگەر رەگەزی تاوانی تێدا بێت ئەوا سکاڵاکە دەدرێتە دادگا، ئەگەر نا ئەوا فەرامۆش دەکرێت».

جەختیشیکردەوە «ئەشکەنجەدان بەرامبەر بە فێرخواز زیادی کردوە بە بەراورد بە ساڵانی پێشو و لە ماوەی سێ مانگی رابردوشدا حاڵەتمان هەبوە و رێکاری یاسایمان گرتوەتەبەر بۆ ئەم مەبەستە».

بەڵام وادیارە ئەو رێکار و لێپێچینەوانەی کە دەکرێت، بە دڵی ئەو فێرخوازانە کۆتاییان نایەت کە توندوتیژییان بەرامبەر کراوە.

لەمباریەوە (دایکی مستەفا) وتی: «سکاڵامان کردوە لەپەروەردە، بەڵام کاتێک هاتونەتە قوتابخانەکە و قسەیان لەگەڵ مامۆستاکە کردوە، هەمو روداوەکانیان بەسەر ئێمەدا شکاندوەتەوە و خۆیان بێتاوان دەرخستوە».



# (زەینەب نیازی) بۆ (نەوژین) دەدوێت



■ نەوژین، نیگار عومەر

**ئەگەرچی لەگەڵ خێزانەکەی دا ماوەی (٨) ساڵە ئاوارەی گەرمیان بون و زۆر ئاستەنگ و کۆسپ هاتوەتە رێگەیان، بەڵام پێداگیریی (زەینەب) وایکرد کە بتوانێت قۆناغی ئامادەیی بە پلەیەکی زۆر باش تەواو بکات و ببێت بە یەکێک لە یەکەمەکان.**

زەینەب نیازی مستەفا، لەدایکبوی ساڵی ٢٠٠١، دانیشتوی ناحیەی رزگاری سەر بە قەزای کەلارە، توانی بە کۆنمرەی (٩٢,١١) پلەی دوەم لە ئاستی بەشی وێژەیی لە هەرێمی کوردستان بەدەستبێنێت.

ناوبانگی ئەم کچە زۆرتر ئەوکاتە دەرکەوت کە لە مەراسیمی راگەیاندنی دەرەنجامەکان دا لە ریزی وەستاوانی یەکەمەوە برایە ریزی دواوە، ئەمەش والێکدرایەوە کە بەوهۆیەوە بوە نیقابی پۆشیوە، ئەگەرچی دواتر وەزارەتی پەروەردە ئەم هۆکارەی رەد کردەوە و رایگەیاند بابەتەکە پەیوەندی هەبوە بە دانانی فێرخوازەکان هەریەکەیان و بەپێی ئەو پلەیەی بەدەستیانهێناوە.

زەینەب لەبارەی ئەم روداوەوە بۆ (نەوژین) وتی: «من لەوکاتەدا هیچ شتێکم نەزانی، کە هاتینەوە لەماڵەوە بینیمان ئەو شتە بوە».

وردەکاری روداوەکەیشی بەمشێوەیە باسکرد «دو کەس هاتون بەمنیان وتوە بڕۆ دواوە و ریزی پێشەوە بۆ پۆلی نۆیەمە، بە کورێکی دیکەشیان وتوە کە بچێتە دواوە ئەویش لەمەکتەبی ئیسلامی بو، پێیان وتین ئێوە باڵاتان بەرزترە بچنە دواوە، ریزی پیشەوە بۆ باڵا بچوکەکانە».

لە رونکردنەوەکەی وەزارەتی پەروەردەشدا جەخت لە هەمان شت دەکەنەوە بەوەی ریزەکان بە پێی پلەکان دانراون و بابەتەکە پەیوەندی بە نیقاب پۆشینەوە نەبوە، ئەگەرچی بەشێکی زۆری هاوڵاتیان بەم رونکردنەوەیە باوەڕیان نەهێنا.

زەینەب ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەو پێشتر بەردەوام لەچکی پۆشیوە و نیقابی نەپۆشیوە، بەڵکو ئەو رۆژەی مەراسیمەکە نیقابی کردوە، چونکە شەرمی کردوە لەو تێکەڵ بونە.

بە گەڕانەوە بۆ ئەو بابەتەی کە چۆن توانیویەتی ئەم پلەیە بەدەستبێنێت و رێگە و شێوازەکانی خوێندن و کۆششی چۆن بون، (زەینەب) جەختی لەوەکردەوە کە ئەوەی بەدەستی هێناوە بەهۆی هەوڵدانەکانیەوە بوە.

وتی: هۆکاری سەرکەوتنم و بەدەستهێنانی ئەم نمرەیەم، هەوڵ و ماندوبون بوە، ئەگەرچی سەعاتی خوێندنم دیاری نەکردوە، بەڵام بەگشتی دوای نوێژی بەیانی دەستم بە خوێندن دەکرد، زۆرجار هیلاک دەبوم و بەسەر کتێبەکەوە خەوم لێدەکەوت.

سەرباری ئەم ماندوبونانەش، بەڵام ئەو کچە پێیوایە کە خوێندنەکەی بە بێ فشار کردوە «هیچ زەختێکم لەخۆم نەکردوە بۆ خوێندن و زۆر بەئاسایی خوێندنی خۆمم تەواوکردوە».

> زۆر بەئاسایی خوێندنی خۆمم تەواوکردوە

زۆرجار فێرخوازان بۆ ئەوەی نمرەی باش بەدەستبێنن، پەنا بۆ کردنەوەی خولی تایبەتی دەبەن، بەڵام (زەینەب) بەپێچەوانەوە هیچ خولێکی نەبینیوە. دەڵێت: هیچ وانەیەکی تایبەتیم وەرنەگرتوە، جگە لەو وانانەی کە لە قوتابخانەکەمدا خوێندومە.

خێزان وەکو هەمو بوارێک، لە سەرکەوتنەکانی خوێندنیش دا رۆڵی بەرچاویان هەیە، ئاخۆ خێزانی (زەینەب) چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کردوە؟

«ئەم دەستکەوتە، یەکەم فەزڵی خوایە، دواتر دایک و باوکم کە زۆر هاوکارم بونە، دایکم رێگەی نەداوە هیچ ئیشێک بکەم جگە لەخوێندنەکەم»، (زەینەب) وەها وەڵامی دایەوە.

لەبەرامبەریشدا خێزان و دایک و باوکی ئەم کچە فێرخوازە، دڵخۆشن بە سەرکەوتنی کچەکەیان، ئەگەرچی ئەو روداوەی رۆژی راگەیاندنی دەرەنجامەکان تۆزێک نیگەران و دڵتەنگی کردبون، بەڵام پشتیوانی خەڵکی دڵدانەوەیەکی باش بوە بۆیان.

هێنانی ئەم نمرەیە بەلای مامۆستاکانیەوە کارێکی لە پڕ و سەیر نیە، چونکە وەک ئاماژەی بۆ دەکەن، ئەو یەکێک بوە لە فێرخوازە زیرەکەکان.

کەژاڵ فەیسەڵ، کە چەند ساڵێک پێش ئێستا مامۆستای (زەینەب) بوە، لەوبارەوە وتی: (زەینەب) قوتابییەکی زیرەک بوە لە پۆلدا و هەمو جارێک کە تاقیکردنەوەی هەبوایە نمرەی تەواوی هێناوە، جگە لەوەی خاوەنی رەوشتێکی جوان بوە.

لەبەرامبەریشدا (زەینەب) پێزانینی مامۆستاکانی لەبیر ناکات و دەڵێت: «سوپاسی هەمو مامۆستاکانم دەکەم کە ماندوبون لەگەڵمان، جگە لەوەی خوێندن دواکەوت، بەڵام مامۆستاکان توانیان وانەکان تەواو بکەن و ئەم سەرکەوتنە بۆ من بەدەستبهێنن».

# خولەکانی فێربونی زمان جمەیان دێت لە کچ

■ نەوژین، لەیلا ئەحمەد

**ئەگەر رو لە هەر هۆڵێکی سەنتەرەکانی فێربونی زمان لە گەرمیان دا بکەی، ئەوا دەبینیت بەلای کەمەوە نیوەی فێرخوازەکانی لە رەگەزی مێن، رەنگە هیچ کاتێک بە قەدەر ئێستا، ژنان خەمی فێربونی زمانیان نەبوبێت، بۆ ئەمەش چەندین پاڵنەریان هەیە.**

کۆرسەکانی فێربونی زمان ماوەی چەند ساڵێکە لە گەرمیان برەوی زۆری پەیدا کردوە، بە لێشاو لە هاوڵاتیان رو لە سەنتەرەکانی فێربونی زمان و بەتایبەت ئینگلیزیی دەکەن و خولەکانی فێربونی زمانی جۆراوجۆر دەبینن، لەو نێوەندەشدا ژنان بەشێکی بەرچاوی بەشداران پێکدێنن.

هۆکاری روکردنی ژنان بۆ ئەم خولانە جیاوازە، هەیانە وەکو (سارە) دەیەوێت لەو رێگەیەوە دەرفەتی دەستکەوتنی کاری زیاتر بکات.

سارە ئیسماعیل , ٢٤ ساڵ , دەرچوی پەیمانگا بەشی دەرمانخانەیە، بۆ (نەوژین) وتی: بۆ ئەوەی کارێکم دەستبکەوێت بەشداری خولی فێربونی زمانی ئینگلیزی دەکەم، هەر چەندە خاوەنی بڕوانامەم، بەڵام مەرجی کار لەشوێنە ئەهلیەکان زمانە، ئەگەر هەوڵی فێربونی زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی نەدەین، بێکار و بێخەرجیی دەمێنینەوە.

بەشێکی تر لە کچان وەکو خولیایەک دەیانەوێت فێری زمانە بیانیەکان ببن بەتایبەتی ئینگلیزیی، پێشیانوایە لەم رێگەیەوە دەرفەتی کاریان ئاسانتر دەستدەکەوێت.

مەروا عەلی، ٢٣ ساڵ، دەرچوی بەشی کۆمپیوتەرە، بۆ (نەوژین) باس لەوە دەکات کە حەزی لەفێربونی زمانی ئینگلیزیە و لەبەشداریکردن بەردەوامە بۆ ئەوەی فێری زمان ببێت.

وتی: ئێستا رێگای فێربونی زمانی ئینگلیزیم گرتوەتەبەر و چەندین خولم بینیوە، چاوەڕێی دامەزراندنی حکومی ناکەم، بەڵکو دەمەوێت لە کۆمپانیا یان خوێندنگە ئەهلیەکان کارێکم دەستبکەوێت و ببمە خاوەنی داهاتی خۆم و چیتر خەرجیم نەخەمە سەر خێزانەکەمان.

هەمان هۆکار، پاڵی بە (بەناز)ەوە ناوە، بۆ ئەوەی رۆژانە لە یەکێک لە سەنتەرە ئەهلیەکان دا، سەرقاڵی فێربونی زمانی ئینگلیزیی بێت.

بەناز ئیبراهیم، ٢٥ ساڵ، ئاوارەی ناحیەی جەلەولایە و دەرچوی پەیمانگای تەکنیکی بەشی کارەبایە , وتی: «هەر چەندە خاوەنی بڕوانامەم و زمانی کوردی و عەرەبیش دەزانم، لەزۆر شوێن کە داوای کار دەکەم رەتم دەکەنەوە، چونکە مەرجی زمانی ئینگلیزیان دەوێت، بۆیە هەوڵی زۆر دەدەم و خول دەکەمەوە».



بەرپرسانی سەنتەرەکانی فێربونی زمان لە گەرمیان، جەخت لەوەدەکەنەوە رێژەیەکی بەرچاوی بەشدارانی خولەکانیان، لە رەگەزی مێن.

> نزیکەی ٥١٪ی بەشدارانمان لە رەگەزی مێن

ئارام محەمەد مستەفا، بەڕێوبەری پەیمانگای ئینگلش ئەکسس کوردستانی ئەهلی لەکەلار، بۆ (نەوژین) وتی: خولەکانمان لەچوار وەرز بەردەوامە بەتایبەت لەهاوینان زۆربەی ژمارەی فێرخوازەکانمان لە رەگەزی مێن و نزیکەی ٥١٪ی بەشداران پێکدێنن.

وتیشی: زۆرتر ئەو کچانە رومان لێدەکەن کە خوێندنیان تەواو کردوە و لەماڵەوە بێکارن، زۆر بەشداربومان هەبوە لێرە خولەکەی تەواو کردوە فێری زمانی ئینگلیزیی بوە.

جەختیشیکردەوە زۆربەی کچان بۆ ئەوە بەشداریی دەکەن کە لە پاش فێربونی زمانەوە، دەرفەتی کارکردنی گونجاویان بۆ برەخسێت «لەئێستادا زۆر ئافرەت دێنە لامان بۆ فێربونی زمان، چونکە بۆ ئەوەی کاریان دەستکەوێت پێویستە جگە لەزمانی دایک زمانێکی بیانیش بزانن، ئەمەش وادەکات دەرفەتی دامەزراندنیان لەکەرتی تایبەت زیاد بێت».

### د. چێنەر یاسین، پزیشکی پسپۆڕی پێست:

# بەکارهێنانی دژەخۆر لە هاوین دا پێویستە بۆ گەشبونی پێست



> پێویستە پزیشکی پێست جۆری دژەخۆر دەستنیشان بکات

**▪ نەوژین، کاڵێ حەسەن**

**پزیشکێکی پێست ئاشکرای دەکات کە لە وەرزی هاویندا ژنان گرنگە دژەخۆر بۆ پاراستنی پێستیان بەکاربێنن، لەنێوانی ئەوەی دژە خۆر گونجاوە بۆ بەکارهێنان یان ماکیاژ بەتایبەتی لە وەرزی هاوین دا، دژەخۆر هەڵدەبژێرێت و لەوبارەشەوە رونکردنەوە دەدات.**

بەکارهێنانی ماکیاژ لە هاوین و ئەو مەترسی و حاڵەتە تەندروستیانەی بەمهۆیەوە لەسەر پێست دروست دەبن، یەکێکن لە بابەتە جێ گرنگەکانی ژنان، لەم سۆنگەیەوە رۆژنامەی (نەوژین) دیدارێکی سازداوە لەگەڵ (د. چێنەر یاسین)، پزیشکی پسپۆڕی پێست و جوانکاریی.

*** سەرەتا با بزانین بەکارهێنانی دژەخۆر باشترە یان ماکیاژکردن لەم وەرزە دا؟**
بۆ ئەوەی پێست بەجوانی و گەشاوەیی بمێنێتەوە، ئەوە بێگومان بەکارهێنانی دژە خۆر باشترە.

*** بەڵام چۆن دەتوانین دژە خۆر بە باشیی بەکاربێنین، ئایا مانەوەی دژەخۆر لەسەر پێست بۆ ماوەیەکی زۆر تا چەند کاریگەریی هەیە؟**
بێگومان مانەوەی دژەخۆر لەسەر پێست بۆ ماوەیەکی زۆر، کاریگەریی خراپ بەجێدێڵێت، هەربۆیە پێویستە چوار سەعات جارێک نوێ بکرێتەوە بۆ ئەوەی کاریگەری خراپی نەبێت بۆسەر روی پێست.

*** هەڵبەت دژەخۆر جۆر و کوالێتی جیاوازیان هەیە، چۆن دەکرێت جۆرە باش و گونجاوەکانیان هەڵبژێرین؟**
هەڵبژاردنی جۆری دژەخۆر کارێکە پێویستە پزیشکی پسپۆڕی پێست دەستنیشانی بکات، ئەویش بەپێی جۆری پێستەکە دیاری دەکات، چونکە بەوپێیەی پێستەکان جیاوازن، هەربۆیە جۆری دەرمانەکانیش لەکەسێک بۆ کەسێکی تر جیاوازە.

*** هەندێک لە ژنان دژەخۆر بەتەنیا بەکاردێنن و هەندێکی تریشیان دژەخۆر لەگەڵ ماکیاژ بەکاردێنن، کامیان باشترن؟**
هەردو جۆر ئاساییین و دەتوانرێت هەردوکیان بەکاربهێنرێن، بەڵام بەبێ ماکیاژ باشترە، ئەوکەسانەشی لەبری ماکیاژ بەکاریدەهێنن، دەتوانن لەو جۆرانە بەکاربێنن کە خۆیان ماکیاژیان تێدایە.

*** مەرجە ئەو دژەخۆرەی نرخی گرانترە کوالێتی باشتر بێت لەوەی کە نرخی هەرزانترە؟**
هەندێکجار بەڵێ لەوانەیە ئەوەی کە نرخەکەی گرانە باشتر بێت، بەڵام مەرجیش نیە ئەو دژەخۆرە گرانەی کە کوالێتی هەیە بۆ پێستی هەمو کەسێک گونجاو بێت.

*** هەمان پرسیار لەبارەی ماکیاژەوە، ئایا مەرجە ماکیاژ گران بو کوالێتی باشتر بێت؟**
نەخێر مەرج نیە، ئەوەی پێویستە لە کڕینی ماکیاژ دا رەچاو بکرێت ئەوەیە کە لەلای کەسانی باوەڕپێکراو بیکرپت بۆ ئەوەی بزانی جۆرەکەیان باشە یان خراپ.

*** تا چەند کوالێتی ماکیاژ پەیوەندی هەیە بە قەبارەی زیانەکانەوە، واتا ئەگەر ماکیاژ باش بێت و کوالێتی هەبێت کاریگەری خراپی نابێت بۆ سەر پێست؟**
بۆ مەسەلەی کاریگەریی ئەوا هەمو جۆرە ماکیاژێک کاریگەری تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەگەر جۆر و کوالێتی ماکیاژەکە باشتر بو، کاریگەریەکانیشی بەرێژەیەکی کەمتر دەبێت.

*** ئایا دژەخۆری کەسانی مناڵ جیایە لە هی گەورەکان یاخود نا؟**
نەخێر جیاوازن، پێستی مناڵ زۆر هەستیار ترە لەهی گەورە، بۆیە دو شتی زۆر جیاوازن بەتایبەت لەم وەرزە دا.

*** ئەو کەسانەی گرنگی بە دژەخۆر نادەن و ماکیاژ بەکاردێنن، ئایا لەم وەرزە گەرمە مانەوەی ماکیاژ بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر پێست کاریگەری چی جێدەهێڵێت؟**
کاریگەری زۆر خراپ بەجێدەهێڵێت، لەوانە: (زو چرچبونی پێست، زۆر بونی کونیلەی پێست، لەدەستدانی رەونەق و جوانی پێست، هەندێکجاریش دروستبونی زیپکە).

*** کەوایە ئەو کەسانەی ماکیاژ بەکاردەهێنن، چی بکەن تاکو کەمترین زیانی هەبێت بۆ پێستیان؟**
کۆمەڵێک رێوشوێن هەیە کە قەبارەی زیانەکە کەمدەکاتەوە، لەوانە: بەکارهێنانی پرایمەر، یاخود پاش چەند کاتژمێر ماکیاژەکە بسرڕدرێتەوە و لاببرێت یان نوێ بکرێتەوە.

---

# نیشانە باوەکانی شێرپەنجەی مەمک

**▪ د. سەرکەوت مەجید خۆشناو***


**شێرپەنجەی مەمک باوترین شێرپەنجەی ئافرەتانە و دوەم باوترین هۆکاری مردنی ئافرەتانە بە شێرپەنجە لە دوای شێرپەنجەی سیەکان. لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، لە هەر هەشت ئافرەت یەکێک توشی شێرپەنجەی مەمک دەبێت لە ماوەی ژیانیدا، لە هەمو جیهان دا ساڵانە زیاتر لە یەک ملیۆن کەس توشی شێرپەنجەی مەمک دەبن.**

بێگومان هەتا زوتر شێرپەنجەی مەمک دەستنیشان بکرێت، هەم چارەسەرکردنی ئاسانتر ئەبێت و هەم ئەگەری گەڕانەوەشی دوای چارەسەر کەمتر دەبێت. لە بەرئەوە زۆر گرنگە هۆشیاری تەندروستی ئافرەتان بگەیەندرێتە ئاستێک کە هەم بزانن نیشانەکانی ئەو شێرپەنجەیە چین و هەم ئەگەر ئەو نیشانانە لە خۆیان دەرکەوتن بە ئاسانی بیانناسنەوە.
نیشانەکانی شێرپەنجەی مەمک بریتین لەمانە:

١. گرێ لە مەمک یان لە ژێر باڵ
ژێر باڵ هەم بەشێک لە مەمکی تێدایە کە پێی ئەڵێن (Tail of Spence) و هەروەها گرێ لیمفاویەکانیشی تێدایە. بۆیە ئەگەر گرێیەک لە ژێر باڵ هەبێت، لەوانەیە شێرپەنجەی ئەو بەشەی مەمک بێت کە کەوتۆتە ژێر باڵ، یان لەوانەیە گرێیەکی لیمفاوی بێت کە بەهۆی چونە ناوەوەی خانە شێرپەنجەییەکان گەورە بوبێت.
پرسیار ئەوەیە: ئایا هەمو گرێیەکی مەمک شێرپەنجەیە؟
مەرج نیە، تێبینی کراوە لە دە گرێ یەکێکیان شێرپەنجەیە و نۆکەی دی حەمیدەن. ئەوەی کە گرنگە بزاندرێت ئەوەیە کە هەمو گرێیەکی مەمک شێرپەنجە نیە.

٢. گۆڕانی پێست
بۆ نمونە سوربونەوەی پێست، گەورەبونی کونە پێستەکان (کە هەندێک جار بە پەلکە پرتەقاڵ وەسف ئەکرێت (Peau d›orange)، یان چونە ژورەوەی شوێنێک لە پێست، وەکو ئەوەی شتێک لە ناوەوە رایبکێشێت.
بێگومان هەمو سوربونەوەیەکی پێستی مەمک شێرپەنجە نیە، زۆربەی جار هۆکارەکەی هەوکردنە.

٣. گۆڕانی گۆی مەمک
– چونەژورەوەی گۆی مەمک: گۆی مەمک روی لە دەرەوەیە، ئەگەر ئافرەتێک هەستی کرد گۆی مەمکی لە ماوەی چەند حەفتەیەک بەرەو ناوەوە دەچێت، ئەوە لەوانەیە لەبەرئەوە بێت گرێیەک لە ناوەوە رایدەکێشێت.
– دەرچونی خوێن یان شلەیەک لە گۆی مەمک.
– خوران یان هەستیاریی گۆی مەمک یان دەوروبەری گۆی مەمک.




٤. گۆڕانی شێوە یان قەبارەی مەمک
٥. ژانی مەمک: زۆربەیجار ژانی مەمک بەهۆی هۆکارە حەمیدەکانە، بەڵام هەندێکجار لەوانەیە شێرپەنجەی مەمک لە سەرەتا تەنها وەکو ژان خۆی دەربخات. لەبەر ئەوە گرنگە کە ژانی مەمک (بەتایبەتی ئەگەر بەردەوام بێت) پشکنینی بۆ بکرێت.

٦. نیشانەکانی شێرپەنجەی مەمکی بڵاوبوەوە (منتشر):
ئەگەر شێرپەنجەی مەمک بۆ ئەندامەکانی لەش بڵاوببێتەوە، ئەوا نیشانەکان بەپێی ئەندامانی توشبو دەگۆڕێن، بەمشێوەیە:
– ئێسک: ئەگەر بچێتە ئێسک، ئەوا لەوانەیە ژانێکی زۆر دروست بکات کە وا لە ئافرەتەکە بکات نەتوانێت بخەوێت، یان لە خەو بەخەبەربێت لەگەڵ ژانەکە.
– ئەگەر بچێتە سیەکان، لەوانەیە هەناسەتەنگی دروست بکات.
– ئەگەر بچێتە جگەر لەوانەیە زەردوویی یان ئێشانی سگ دروست بکات
– ئەگەر بچێتە مێشک، لەوانەیە نەخۆشەکە سەری بێشێت، بڕشێتەوە یان توشی گەشگە ببێت.

* پسپۆڕی گرێ و نەخۆشیەکانی شێرپەنجە

# هۆشیاری لەبارەی کارکردنی مناڵانەوە



■ نەوژین

**لەگەڵ هاتنی وەرزی هاوین دا کارکردنی مناڵان دەبێتە دیاردە و حاڵەتێکی باو، بەشێوەیەک زۆر لە مناڵان دەخرێنە بەر کار، ئیتر چ بۆ بەدەستهێنانی داهات بێت یان بۆ فێربونی پیشە، بەڵام رەنگە زۆرێک لە دایکان و باوکان مەترسی و کاریگەریەکانی ئەم هەنگاوە نەزانن.**

رێکخراوی (Save The Children) لەمیانەی بڵاوکراوەیەکی هۆشیاری دا، هەندێک راستی و بنەمایان لەبارەی کارکردنی مناڵان و لێکەوتە و زیانەکانی پیشان داوە، کە لەخوارەوە دەیخەینەڕو.

مناڵ ئەو بونەوەرەیە کە تەمەنی لە خوار ١٨ ساڵیەوەیە، کارکردنیش ئەو چالاکیانەیە کەدەشێت زیان بە لایەنی جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی مناڵان بگەیەنێت و ئاستەنگ بۆ گەشە و ئاستی فێربونیان دروست بکات.

ئەو بوارانەی بەهۆی کارکردنەوە مناڵ لێیان بێبەش دەبێت:

یەکەم: خوێندن:

زۆرجار بەهۆی کارکردنەوە، مناڵان خوێندنیان لەدەست دەچێت، یاخود کات و توانای پێویستیان نامێنێت بۆ خوێندن، لەکاتێکدا خوێندن بنەمایەکی گرنگە بۆ فێربون و زانین، بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا بتوانێت پیشەی گونجاوی دەستبکەوێت.

دوەم: یاریکردن

مناڵانی ئیشکەر هەمیشە کات و پاڵنەریان بۆ یارییکردن کەمدەبێتەوە، لەکاتێکدا یارییکردن یارمەتی مناڵ دەدات بۆ ئەوەی بگات بە بارودۆخێکی دەرونی و جەستەیی گونجاو و ئارام، هەروەک سودیشی دەبێت لە چاکبونەوە لەو شۆکە دەرونیانەی کە توشیان دەبێت، بەڵام لە بری ئەوەی یاریی بکەن، کارکردن وایان لێدەکات بیر لە پارە بکەنەوە.

> **کارکردن دەبێتە هۆی ئاستەنگ دروستکردن بۆ فێربونی مناڵ**

* مەترسیەکانی کارکردنی مناڵ

یەکەم: لەروی دەرونیەوە

کارکردن دەبێتە هۆی ئاستەنگ دروستکردن بۆ فێربونی مناڵ و گەشەکردنی هەست و تێگەیشتنەکانی بەشێوەیەکی دروست، بەوهۆیەی کە زۆرجار لەبەر کارکردن واز لە قوتابخانە دەهێنێت، بۆیە بێبەش دەبێت لە خوێندەواری و زانین و فێربون.

دوەم: لەروی کۆمەڵایەتییەوە:

کارکردن رەنگە ببێتە هۆی کاریگەری دانان لەسەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی مناڵ، بۆنمونە فێربونی هەندێک خورەوشت و نەریتی نەشیاو، یان بەکارهێنانی دەستەواژە و قسەی ناشرین، یان فێربونی هەندێک تاوان وەکو دزی و بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر، یاخود سواڵکردن و شەڕانگێزبونی.

سێیەم: لەروی جەستەییەوە

مناڵانی ئیشکەر زیاتر روبەڕوی مەترسی توشبون بە نەخۆشیەکانی: پێست، وشکبونەوە،ماندوبون، بەدخۆراکی، کێشەکانی کۆئەندامی هەرس، ئاوسانی پێ و پەلەکان دەبنەوە، هەروەک روبەڕوی توشبون بە روداوەکانی هاتوچۆ و تەنانەت گیانلەدەستدانیش دەبنەوە.

* چ کاتێک مناڵ دەتوانێت کار بکات؟

بەپێی یاسای عێراقی، تەمەنی کارکردن دوای ١٥ ساڵیە، بەڵام بەپێی مادەی ٩١ی یاسای کارکردنی مناڵانی عێراقی، چەند جۆرێکی کارکردن هەیە کە نابێت مناڵان ئەنجامی بدەن، لەوانە:

یەکەم: کارکردن لەژێر زەوی.

دوەم: کارکردن بە ئامێری تیژ و مەترسیدار.

سێیەم: کارکردن لە ژینگەیەکی ناتەندروست.

چوارەم: کارکردن بۆ ماوەیەکی زۆر، یان کارکردن لە شەودا.

* رێوشوێنەکانی کارکردن:

لەکاتێکدا مناڵی سەرو تەمەن ١٥ ساڵ کاریکرد، دەبێت رەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

یەکەم: کات

دەبێت دڵنیا ببیتەوە لەوەی مناڵ ٨ سەعات زیاتر لە رۆژێکدا کارنەکات و کارکردنەکەش رێگە لە چونە قوتابخانەی نەگرێت.

دوەم: جۆری کار:

دەبێت دڵنیا ببیتەوە لەوەی ئەو کارە زیان بە مناڵەکە ناگەیەنێت ئیتر چ کچ بێت یان کوڕ و لەگەڵ تەمەنەکەی دا دەگونجێت.

سێیەم: سەرپەرشتیار

دەبێت دڵنیا ببیتەوە لەوەی کارکردنەکە لەژێر سەرپەرشتی کەسانێکی پێگەیشتوی گونجاو دایە.

ئامادەکردنی: رێکخراوی (Save The Children)

---

# یەکەم ژنە پزیشکی رۆژهەڵات کوردە

■ نەوژین،

ئامادەکردنی: شاران بەرزنجی

**یەکەم ژن بوە کە روی لە خوێندنی پزیشکی ناوە، بۆ ئەمەش نەک هەر وڵاتەکەی، بەڵکو کیشوەرەکەیشی بەجێهێشتوە، کە گەڕاوەتەوە ساڵانێکی زۆر خزمەتی کردوە.**

لەمێژوی نوێ دا لە رۆژهەڵات بە گشتی و لەو بەشەی تایبەتە بە ژنانی پێشەنگ، ناوی ژنە کوردێک بەدرەوشاوەیی دەمێنێتەوە، ژنێک لە تاریکترین سەردەمەکانی مافی ژنان دا، ئازایانە رو لە خوێندن و زانست دەکات و دەبێتە یەکەم ژنە پزیشکی نوێ لە جیهانەکەی دا «رۆژهەڵات».

سابات ئیسلامبولی، یان سابات ئیستانبولی، ئەو ژنەیە کە باسی دەکەین، ئەو جگە لە چەند زانیارییەکی کەم لەبارەی ئەو کارەی کردویەتی، هیچ سەرچاوە و زانیاریەکی ئەوتۆ لەبارەی شێوازی ژیان و هەنگاوەکانی بە رێگای زانست دا رون نییە.

ئەوەی لە بارەی ئەم خاتونەوە لە سەرچاوەکان دا بەردەستە، ئەوەیە کە یەکێک بوە لەو سێ ژنەی کە لە کیشوەری ئاسیا و رۆژهەڵاتەوە بۆ خوێندنی پزیشکیی رۆژئاوایی، گەشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایان کردوە و لەوێوە بە بڕوانامەی پزیشکیەوە گەڕاوەتەوە.

(سابات) ژنە کوردێکی جولەکەی خەڵکی رۆژئاوای کوردستان بوە، لە ساڵی ١٨٧٦ هاتوەتە بون، لەهەندێک سەرچاوەش دا بە (تابات) ناوی هاتوە. ئەو یەکێک بوە لەو سێ ژنەی کە بۆ یەکەمجار لە جیهاندا بڕوانامەی پزیشکی «طب» بەدەست هێناوە لە ساڵی ١٨٩٠ لە ویلایەتی پەنسلڤانیای ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.


> **بۆ خوێندنی پزیشکیی چوەتە ئەمریکا**

دوای تەواوکردنی ئەو خوێندنە لەساڵی ١٩١٩، گەڕاوەتەوە سوریا و لە دیمەشق درێژەی بەکار و خزمەتەکانی داوە، هەر بەهەمانشێوە روی لە قاهیرە کردوە و ماوەیەکیش لەوێ کاری کردوە.

یەکێک لە دەگمەنترین ئەو وێنانەی کە هی ئەم ژنە پزیشکە کوردەیە و بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ دو هاوەڵی دا لە ئەمریکا گیراوە کە ئەوانیش هەر لەگەڵی دا لە کۆلێژی پزیشکی دا خوێندویانە.

مێژوی وێنەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٨٥، لەلای راستەوە (سابات ئیسلامبولی) دەردەکەوێت و لە ناوەڕاستەوە (چی ئۆکامی) لە ژاپۆن و لای چەپیشەوە (ئانا دیبای جۆشی) لە هیندستانەوە.

دواجار و پاش نیو سەدە کارکردن لە بواری پزیشکی دا، (سابات) بۆ یەکجاری ساباتی ژیان لە ساڵی ١٩٤١ بەجێدێڵێت.



---

## دەربارەی نەوژین

نەوژین، رۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایەن رادیۆی دەنگ لە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.

یەکەم ژمارەی لە ٢٠١٦/١٢/٢٦ دەرچوە.

رادیۆی دەنگ، پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆیە لە ناوچەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)ەوە بە پەخشی رادیۆیەکی لۆکاڵی دەستی پێکردوەو پاشان وێبسایتێکی داناوە.

رۆژنامەی (نەوژین) یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەی رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.

رۆژنامەنوسانی ئەم رۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولی راهێنانیان لەلایەن رادیۆی دەنگەوە بۆ ئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشتر کاری رۆژنامەوانییان نەکردوە.

بۆ پەیوەندیکردن بە رۆژنامەکەوە

تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com

فەیسبوک:
nawzhinnewspaper

دەتوانن لەماڵپەڕی رادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی رۆژنامەکە ببینن

www.radiodang.org

# کچێک دەرگا و پەنجەرەکانی خانەقین ڕەنگ دەکات





■ **نەوژین، دیمەن ئیسماعیل**

**هەر لە منداڵییەوە حەزو خولیای بۆ وێنەکێشان وایکردوە «زەهرە» زیاتر لەمبوارەدا تێبکۆشێت و فێر ببێت، هەتا بوە بە وێنەکێشێکی شارەزا و ئێستاش لە شارەکەی خۆی دا «خانەقین» کارێک دەکات کە هیچ کچێکی تر نەیکردوە.**

زەهرە نعمان، ٣٠ ساڵ، دانیشتوی قەزای خانەقینە، لە وڵاتی ئێران لەدایکبوە و پاشان هاتونەتەوە خانەقین، ماوەی ساڵێک دەبێت کاری وێنەکێشان دەکات لەسەر روی دەرگا و پەنجەرەی دوکان و شوێنکارەکانی شارەکەی دا دەنەخشێنێت، هاوشانی ئەمەش بەردەوامە لەبەشداریی لە پێشانگا شێوەکارییەکان دا.

ئەو پێش ئەوەی بێتە سەرباسی پیشەکەی، باسی لەسەرەتاکانی چرۆکردنی حەزە هونەرییەکانی دەکات و بۆ (نەوژین) وتی: «هەر لە منداڵیەوە حەزم بە ئیشی دەستڕەنگینی و بۆیەکردن هەبوە، پەرەم بەم حەزەداوە و بەردەوام بوم هەتا بە ئەمڕۆ گەشتوم».

(زەهرە) هەتا پۆلی ١١ی بنەڕەتی لە وڵاتی ئێران تەواو کردوە، لە تەمەنی ١٧ ساڵی دا گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان و لە قەزای خانەقین درێژەیان بە ژیان داوە. هەر لەوێش درێژەی بەخوێندنەکەی داوە و بونی پەیمانگای هونەرەجوانەکان لە شارەکەدا، ئەرکی ئاسان کردوە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو بوارە بخوێنێت کە خەونی منالی خۆی بوە.

پاش تەواوکردنی خوێندنی پەیمانگا، (زەهرە) دەستی کردوە بە کاری پراکتیکی و ماوەی نزیکەی ٩ ساڵە کاردەکات.

ئەو ماوەی ١٥ ساڵە کاری وێنەکێشانی کردوە لەماڵەوە، بەڵام دواتر بڕیاری دا ئەم بەهرەیە بکات بە پیشە و سەرچاوەی بژێوی، هەربۆیە ئێستا کاری وێنەکێشان لە سەر روی دیوار و جامخانە و دەرگا و پەنجەرەکانی دوکان و فرۆشگاکانی ناو بازاڕی خانەقین ئەنجام دەدات.

کە (زەهرە)مان دواند، فڵچەیەکی بەدەستەوەبو لەبەردەم دەرگای چێشتخانەیەکدا وەستابو، تەختێکی خستبوە ژێر پێی و سەرقاڵی بۆیاخ کردن و وێنەکێشان بو لەسەر جامخانەی چێشتخانەکە.

وتی: «خاوەن دوکانەکان پێم دەڵێن بە دڵی ئێمە بۆیاخ بکە، بەڵام پیشەی من هونەرییە و بەسەلیقەیەکی جیاوازتر بۆیەیان بۆدەکەم و دڵیان رازی دەکەم، دەڵێم من هونەرمەندم باشتر دەزانم و بە شێوازێکی جوانتر بۆیاخی دەکەم».

ئەم وتانەی (زەهرە) لەلایەن دوکاندارەکانەوە بە ئاسایی وەردەگیرێت، بەتایبەتی کە لە کۆتاییدا کارەکە بەو شێوەیە تەواو دەبێت کە بەدڵیانە.

عەبود محەمەد، خاوەنی چێشتخانەی (عەبود) لە خانەقین، شوێن دەستی (زەهرە) بەسەر پەنجەرەکانی چێشتخانەکەیەوە دیارە، بۆ (نەوژین) وتی: «ئەمە یەکەمجار نیە (زەهرە) ئیشم بۆ بکات، بەڵکو پێشتر کاری کردوە و بەهۆی جوانی کارەکانیەوە دیسان بانگم کردوە بۆ ئەوەی ئیشی ترم بۆ بکات».

ئەو چێشتخانە و فرۆشگا و تەنانەت دیواری قوتابخانەکانیش بە شێوازێکی جوان رەنگ دەکات و لەو رێگەیەشەوە بەشێک لە بژێوی ژیانی دابین دەکات.

ئەگەرچی ئیشەکەی قورسە، هاوکات داهاتەکەیشی ئەوەندە نیە کە بەشی بژێوییان بکات، بەتایبەتی کە ئەو ٢ خوشک و ٤ برای هەیە و باوکی نەخۆشە و لەسەر جێگا کەوتوە، بەڵام ئەو داهاتە کەمەش لەپاڵ کارەکانی دیکەی دا، پاڵپشتیەکی باشە بۆ خۆی و خێزانەکەی.

وتی: «ئیشەکەم قورسە، بەڵام حەزم بۆ ئیشەکەم وایکردوە بەردەوام بم و ئەگەرچی بژێوی ژیانم دابین ناکات بەتەواوی».

سەرباری ئەم زەحمەتەش، کەچی هەندێکجار روبەڕوی قسە و توانج بوەتەوە، بەڵام وەکخۆی وتی: «خەڵکی زۆر قسە دەکەن، بەڵام من ئاسودەم بە کارەکەم و ماڵەوەشمان پشتگیریم دەکەن».

> **بەشداری ١١ پێشانگای تایبەت و هاوبەشم کردوە**

> **من ئاسودەم بە کارەکەم و ماڵەوەشمان پشتگیریم دەکەن**

ئەو کچە نیگارکێشە، هەمو ئەزمونی خۆی تەنها لە کێشانی وێنە لەسەر روی دیوار و شوشەی فرۆشگا و دوکانەکان دا کورت نەکردوەتەوە، بەڵکو کاری دیکەی هونەرییش دەکات و هاوکات مامۆستای ئەم بوارەشە.

وتی: «بەردەوام بەشداریی چالاکیە هونەریەکان دەکەم و تائێستا بەشداری ١١ پێشانگای تایبەت و هاوبەشم کردوە کە کۆتا بەشدارییم ئەمساڵ بو لە ڤیستیڤاڵێک لە وڵاتی تورکیا، ئەمە سەرباری ئەوەی لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی خانەقین دا مامۆستام».

ئەو کچە شێوەکارە، بۆ وتنی کۆتا قسەکانی خۆی، بە گەشبینیەکی زۆرەوە روی دەمی لە کچان کرد بەوەی بەردەوام بن لە سەر ئەو ئیشوکارەی حەزیان لێیە، ئەو دەڵێت: «هەرگیز کۆڵ مەدەن، هەرکارێک ئارەزوتانە بەردەوام بن، دڵنیابن پێی دەگەن و سەرکەوتو دەبن».